# باروودۆخی سنووردار و ناسنووردار لەسەر بنەمای جیاوازی لە نێوان کردەوەیی و ئەسپێکتدا

د. محمود فتح الله أحمد
زانكۆی سلێمانی
كۆلێجی زمان

**٠- پێشەكی**

ڕێبازی هەرە باو سەبارەت بە جیاوازی لەنێوان پێرفێكتیڤ/ئیمپێرفێكتیڤ لە ڕۆژگاری وەك ئەمڕۆدا، كە پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەو جیاوازیەی لە نێوان بیری تەواوبوون یان گەیشتنە سنوری سروشتی ڕوداوی چاوەڕوانكراو كە وەك تێلیكێتی مەمەڵەدەكرێت، ئەو هەستكردن و ئاوڕدانەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ١٩ هەم و زوتریش، لەم سەردەمانەشدا لە لایەن Jakobson (١٩٣٢), Vinogradov (١٩٤٧) و هەروەها باسی لێوەكراوە، زمانەوانەكان هەوڵیانداوە تا سنوری سروشتی كاتی ڕوداوی چاوەڕوانكراو بەفۆڕم بكەن كە لە لایەن (Krifka ١٩٩٨) ئەو دەستپێشخەریە كراوە، بیری پێرفێكتیڤیتی لەگەڵ هەندێك بیری تەواوبوون و بیری ئیمپێرفێكتیڤیتی یەكدەگرنەوە و وەك تێلیكێتی و ئەتێلیكێتی مامەڵەدەكرێن.

لە زوربەی زۆری ئەو گفتوگۆیانەی سەبارەت بە ئەسپێكت و ئەو كاتەگۆریانەی پەیوەندیان بە ئەسپێكتەوە هەیە، پەنادەبرێتە بەر جیاوازی سیمانتیكی كە دەكرێت هەر لە سەرەتاوە "ف-ك" یەكی وەك "گۆرانی وتن" و "دروستكردنی نامەیەك" بە نمونە بهێنرێتەوە تا دواتر هەموو گریمانەكانی خۆمانی لەسەر هەڵێنجین، ئەو كاتەگۆریانە دەتوانن بە شێوەیەكی جیاواز و لە زۆر لایەنەوە لەگەڵ ئاوەڵكارەكاندا گونجاوبن یان نا، هەر ئەو ئاوەڵكارانەش هاوكارن لە لێكدانەوەی بناتی سیمانتیكی كار و فرێزی كارەكاندا، كە دواتر پێمان دەڵێن كام لەو بنیاتانە وەسفی باروودۆخی تێلیك یان ئەتێلیك دەكات

لێكدانەوەی ئەسپێكتی بۆ فۆڕمی تێنسەكانی كوردی تازەیە، لێكدانەوەی ئەسپێكتی لە چوارچێوەی نامەیەك و دواندا مەبەست نایەتەدی، واتە ناتوانن ئەرك و تایبەتمەندێتی هەموو لایەنەكانی تێنسی كودری داپۆشن، هێشتا زۆر لایەن هەن وەك تەواوكەر بۆ ئەو بوارە پێویستیان بە ئاوڕدانەوە هەیە، ئێمە لەم بارەوە دەمانەوێت ڕوناكی بخەینە سەر وەچە-كاتەگۆریەكی ئەسپێكتی كە خۆی لە "تێلیك" و "ئەتێلیك"دا دەبینێتەوە، نمونەی تری لەو جۆرەش وەك وەچە-كاتەگۆری ئەسپێكت زۆرن، بۆ نمونە، تێلیك، ئەتێلیك، ئەگشنارتێن و كارە ئەسپێكتەكان و هەروەها لە كوديدا، لەم باسەدا ڕۆڵی كاتەگۆریەكانی هەردوو تێلیك و ئەتێلیك دەخەینە ژێرلێكۆڵینەوە كە پانتاییەكی بەرچاو لەبواری ئەسپێكت لە كودریدا داگیردەكەن، لەم بوارەدا دەكرێت تێنسەكانی كوردیی بەسەر دوو كاتەگۆریدا دابەش بكرێن، بۆ نمونە، ئەو كارانەی كە بنیاتی سیمانتیكیەكەیان خاڵی كۆتایی دیار بەخۆوەدەگرن وەك تێلیك ڕەفتاردەكەن و ئەوانەش كە خاڵی كۆتای سروشتی بەخۆوە ناگرن، وەك ئەتێلیك مامەڵەدەكرێن.

بە مەبەستی دیاریكردنی خاڵی كۆتایی سروشتی باروودۆخ كە بە هۆی فۆڕمی تێنسی كارەكان لە كوردیدا وەسفدركێن، ناتوانرێت تەنها پشت بە بنیاتی سیمانتیكیەكانیان ببەسترێت، بەڵكو چەندان لایەنی دیكەش لەو

بوارەدا هاریکارە، لەوانە دەق، مەبەستی قسەکەر، جۆری کار لە ڕوی تێپەڕ و تێنەپەڕ، چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرەستەکان لە چوارچێوەی ڕستە و دەبڕینەکاندا، خوێندنەوەی پڕاگماتیکی، و لە هەمووشیان گرنگتر چۆنیەتی گونجانی هەریەك لەو فۆڕمی تێنسانەیە لەگەڵ ئاوەڵکارەکاندا، کە هەر یەك لەوانە دەتوانن لایەنێکی شاراوەی ئەو دوو کاتەگۆریە، واتە "تێلیك" و "ئەتێلیك" بخەنە پێش چاو.

ئەوانەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆکرا، لەم باسەدا ئاوڕیان لێدەدرێتەوە، لەهەمان کاتدا، ئێمە باوەڕمان وایە بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەو کاتەگۆریانە بێ بەراوردکاریەك و پێشاندانی نمونە لە زمانەکانی تری وەك ئینگلیزی، فارسی و ... وەك پێویست مەبەست ناپێکن، بۆیە بە درێژایی ئەم بابەتە لە هەر کوێیەك پێویست بکات، نمونەی هاوشێوە بە کوردی دەخەینەڕوو، چونکە بەو ڕێگایە زیاتر ڕەفتاری کوردی بەدەردەکەوێت و زانیاری زیاتر دەدرێت و خوێنەر باشتر لەمەبەستەکە دەگات، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە بەهۆی کردەوەی بەراوردکاریەوە، لایەنی لێکچو و جیاواز لە نێوان زمانەکاندا زیاتر بۆ خوێنەر ئاشکرادەبێت:

**١.٠ تێلیك و ئەتێلیك لە مێژودا**

**١.١ مێژویەکی کورتی سەرهەڵدانی کاتەگۆری تێلیك و ئەتێکیك.**

لە زانستی زماندا، تێلیکێتی telicity ئەتێلیکێتی atelicity زاراوەی یۆنانین و لە سەرەتاوە لەلایەن زمانەوان و فەیلەسوفە یۆنانیەکانەوە لێکدراونەتەوە و سەریانهەڵداوە. دیارە تێلیك و ئەتێلیکێتی تایبەتمەندێتی کار و فرێزی کارین لە زمانەکاندا، واتە تایبەتمەندی " V و VP " وەك سەرەی بەشی کاری لە ڕستەی دیارکراودا، ئەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئایا ئەو بارودۆخەی بەهۆی فۆڕمی تێنسی بەشی گوزارەوە باسدەکرێت خاڵی کۆتایی سروستی بەخۆوەدەگرێت یان نا، ئەو کات بەو بارودۆخە دەگوترێت، بارودۆخێکی تێلیکێتیی، بە پێچەوانەوە کاتێك بارودۆخەکان بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕەفتاردەکەن ئەوە پێی دەگوترێت بارودۆخی ئەتێلیکی.

دیارە بڕیاردان سەبارەت بە خوێندنەوەی تێلیك و ئەتێلیك تەنها لەسەر بنیاتی سیمانتیکی تێنسەکە ناوەستێت بەڵکو لێرەدا چەندان کاتەگوریتر کە وەك ئەرگیومێنتی تێنسەکە ڕەفتاردەکەن لەو بڕیارەدا هاوبەشن، ئەو بۆچونانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ئەرەستۆ، چونکە ئەو یەکەم کەسبووە کە بارودۆخی تەواو لە بارودۆخی ناتەواوی جیاکردۆتەوە، سەیری (Kenny ١٩٦٣) و (Taylor ١٩٧٧) بکە، دواتر، ناو بە ناو، هەر کات ئەگەر لێکۆینەوە و باسەکان سەبارەت بە تێلیك و ئەتێلیك لاوازیان بەخۆیەوە دیبێت، دەبینی لە کاتێکی دواتر و سەردەمێکی تردا دووبارە باس و لێکۆینەوەکان سەبارەت بە تێلیك و ئەتێلیك لەسەر دەستی کەسانێکیتر بە هەمان زاراوە یان زاراوەی جیاواز بەڵام بە هەمان ناوەرۆك سەریهەڵداوەتەوە و هاتۆتەوە بەر باسوخواس، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەو لیستە زاراوەیەیە کە لەلایەن (Dahl ١٩٧٨:١) وە پێشکەشکراوە، کە هەر لە سەردەمی ئەرەستۆوە تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ لەلایەن نوسەر و فەیلەسوفەکانەوە بەکار هاتوون، تا گوزارشت لە تێلیك و ئەتێك بکەن، ئەو زاراوانە بە پێی گونجاوێتیان لە ژێر یەکێك لەو دەربڕینانەی لای خوارەوەدا بە لیستگیراون، ئەوانەی ئاماژە بۆ بارودۆخی تێلیکی دەکەن لەژێر دەربڕینی "نوسینی نامەیەك" و ئەوانەش ئاماژە بۆ بارودۆخی ئەتێلیك دەکەن لەژێر دەربڕینی "نوسینی نامان"دا ڕیزکراون، دیاگرامی (١) ئەوە پیشاندەدات.

| write letters نوسینی نامان | write a letters نوسینی نامەیەك |
| --- | --- |
| Energeia (Aristotle) _ | kinesis |
| imperfecive تەواو نەبوو | perfective تەواوبوو |
| cursive پێکەوە نوسراو | terminative کوتاییپێهێن |
| irresultative ناسەرەنجامی | resultative سەرەنجامی |
| durative بەردەوامی | non-durative نا-بەردەوامی |
| non-punctual نا-چرکەساتی/نا-ورد | punctual ورد/چرکەسات |
| non-conclusive کۆتایی پێنەهێن | conclusive کۆتایی پێهێنەر |
| non-transformative ڕوخسارو شێوە نەگۆڕ | transformative ڕوخسارو شێوەگۆڕ |
| non-cyclic نا-بازنەیی | cyclic بازنەیی |
| Garey ١٩٥٧ atelic ئەتێلیك | telic تێلیك |
| non-bounded (Allen ١٩٦٦) نا-سرووردارکراو | bounded سنووردارکراو |
| ( Vendler ١٩٦٧) activity چالاکی | accomplishment بەجێهێنان |
| activity ( Kenny ١٩٦٣) چالاکی | performance بنیاتنان |
| Nepredel’nyj (Russian) | predel’nyj |
| Nicht-grenzbezogen (German) | grenzbezogen |

ئـەو زاراوانـەی لەسـەرەوە ئاماژەیـان بـۆ کـراوە لـە سـەردەم و شـوێنی جیاجیـا لەلایـەن زمانـەوان و فەیلەسوفەکانەوە بۆ دەربڕینی ئەوەی ئەمڕۆ پێیاندەگوترێت کاتەگۆری تێلیك و ئەتێلیك بەکارهاتوون، بەشێك لەو بەیەکداچون و جۆرێك لـە تێکەڵاوی ئـەو زاراوانـە ئەوەیـە، کـە زانایـانی بـواری ئەسـپێکت لەسـەر هـەمان ڕاوبۆچوون نین سەبارەت بەوەی ئایا ئەوانە دانەیەك یان دوو دانەی جیاواز جیادەکەنەوە، لێرەدا دوو تیڕوانـین هەیە، کە Dahl (١٩٧٨:١) وەك ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی ئاماژەیان بـۆ دەکات. ڕۆژهەڵاتیـەکان خۆیـان لـە دونیـای سلاڤیکیدا دەبیننـەوە و زوربـەی زۆری لایەنگیریـەکانی تیـڕوانینی ڕۆژئاواییـەکان یـان ئـەوەتا سـەربە نـەریتی فەلسەفین و سەرچاوەیان لە ئەرەستۆوە وەرگرتووە یـان زمانـەوانی نـا-سلاڤیکن کـە هەوڵدەدەن تـا بیرەکـان لـە ئەسپێکتۆلۆجی (ئەسپێکت ناسی) سلاڤیکەوە لەسەر زمانەکەی خۆیان بەکار بهێـنن. ئێمـە بـە شـێوێن Dahil (١٩٧٨) دا بـە مەبەسـتی ئاسـانکردن و باشـتر لێتێگەیشـتن لـە دوو کاتـەگۆری تایبەتمەنـدی لێکجیـا، لـە ژێـر ناونیشانی تایبەتمەندیەکانی X و Y دا جیادەکەینەوە، جا ئەگـەر X ئامـاژە بێـت بـۆ تایبەمەندیـەکانی تێلیـك ئـەوە Y ئاماژەدەبێـت بـۆ تایبەتمەندیـەکانی کاتـەگۆری ئـەتێلیك. سـەبارەت بـە تایبەتمەندیـەکانی X Dahil (١٩٧٨:٢) تا ڕادەیەکی باش ئەو گرفتە یەکلایی دەکاتەوە، و توانیویەتی پێناسەیەکی ورد بۆ ئەو دوو کاتەگۆریە بکات، بیرەکان لەسەر ئەوە کورت دەکاتەوە، کە هەر بارودۆخێك، پرۆسەیەك، کردەوەیەك و هـەروەها، یـان کـار، فرێزی کاری و ڕستەیەك و هەروەها، دەربڕینی بارودۆخێك و هەروەها، ئەوەیان گەیاند کە مەبەست گەیەنراوە و چیتر ئەو باودۆخە بەردەوام نابێت و لەکاردەکەوێت ئەوە واتـای وایـە کـە تایبەتمەنـدی X لـەخۆدەگرێت، بـە

پێچەوانەوە، کاتێك دەبینی کە کردەوە، پرۆسە یان بارودۆخەکە کۆتایی هات بەبێ ئەوەی مەبەست پێکرابێت ئەوە واتای وایە تایبەتمەندی Y لەخۆدەگرێت.

**١.٢ پێناسەی تێلیك و ئەتێلیك**

ئەو دوو ئەو کاتەگۆریانە لەلایەن زۆر لە زمانەوان و فەیلەسوفەکانەوە باسکراون، سەرجەم ئەوە دەردەخەن کە لەگەڵ ئەوەشدا زاراوەی جیاواز بەکار هاتوون، دەبینین هەموویان لەسەر یەك ناوەرۆك هاوڕان کە بارودۆخەکان لە ڕستەی ئەتێلیکیدا ناگەنە مەبەست، واتە خاڵی کۆتایی سروشتی بەخۆوەناگرن، بە پێچەوانەی ڕستە تێلیکەیەکانەوە کە تیایدا بارودۆخ لە خاڵێکی دیارکراودا دەوەستێت کە مەبەست و گۆڵ تیایدا بەدەست هاتووە. ئەو کەسانەی بەم دواییانە لەو بوارەدا پێناسەیان پێشکەشکردووە، شوێن پەنجەیان دیارە، کە بریتین لە وانەی لای خوارەوە:

پێناسەی یەکەم لە زمانەوان S. G. Anderson ١٩٧٢ ەوەیە، و باوەڕی وایە کە بارودۆخەکان ئاراستە کراون بەرەو بەدەستهێنانی مەبەست یان سنور کە تیایدا کردەوەکە خۆی لاوازدەکات و بۆ شتیتر دەڕوات. (هێزی نامێنێ و دواتر لەکار دەکەوێت) لە بەر ڕۆشنای ئەو پێناسەیە سیفەتەکانی تێلیك دەخەینە ڕوو:

(أ) بەرەو مەبەست ئاراستەدەکرێن و کاتێك گەیشتنە مەبەست گۆڕان بەسەر بارودۆخەکەدا ڕوودەکات.

(ب) گۆڵ و مەبەست ناوەکیە بۆ ڕوداوەکان، خاڵی سروشتی کۆتایی دادەمەزرێنێت.

(ت) بارودۆخە تێلیکیەکان بارودۆخێکی نا-سادەن.

(پ) جگە لە فرێزی کاری پێکهێنەری تری ڕستەکە هاوبەشیدەکەن سەبارەت بە تێلیك بوون یان نا.

زاراوەی تێلیك لە زۆر باردا هاوتایە بە زاراوەی "بەجێهێنان complishment"، کە لە لایەن Vendler (١٩٦٧:١٠٢) ەوە پێشکەشکراوە، لە ڕاستیدا ئەم زاراوەیە یەکەم جار بەهۆی (١٩٥٧) Garey ەوە پێشکەشکراوە، (Comrie ١٩٧٦:٤٤ ڕستەی تێلیکی دیاریدەکات وەك ئەوەی کە ئاماژە بۆ بارودۆخی تێلیکی بکات، بە واتای ئەوەی ئەو بارودۆخەی کە "خاڵی کۆتایی بنیاتدەنێت، واتە، ئەو خاڵەی کە لەسەر بارودۆخی دیاریکراودا تەواو دەبێت"، تایبەتمەندیەکانی ئەتێلیکیەکان بریتین لەوانەی لای خوارەوە:

(أ) کردەوەیەکی سادەن.

(ب) دەزانرێن کاتێك دەستپێدەکرێن یان دەستپێدەکەن

(ت) خاڵی ناوەکی کۆتایی بەخۆوە ناگرن

(پ) خاڵی کۆتایی هەڕەمەکی بەخۆوەدەگرن.

(ج) دەتوانن لەهەر خاڵێکدا بێت بوەستن، مادام سەرەنجام تیایدا مەبەست نیە.

ئەو کارانەی ئاماژە بۆ ماوەیەکی دووورودرێژ دەکەن بەسەر تێلیك و ئەتێلیکدا دابەشدەبن، کارە تێلیکەکان (سنوردارن) "کردەوەیەك دەردەبڕن مەیلیان بەرەو گۆڵدا هەیە" (Gray ١٩٥٧:١٠٦) ئەتێلیکیەکان کارێکن ئاماژەدەکەن بۆ کردەوەیەك کە "چاوەڕوانیان لێناکرێت بەرەو گۆڵبڕۆن بۆ بەئەنجامگەیاندنی" بارودۆخە تێلیکیەکان لە لای (Comrie ١٩٧٦:٤٤ دەبێت ئەو بارودۆخەبن "کە تیایدا خاڵی کۆتایی بیناکراوە"، کەواتە، کاری ئەتێلیك ئەو کارەیە کە بارودۆخەکە ناودەنێت ، واتە باسدەکات وەك ئەوەی سەرەنجامی-باش-دیاریکراو یان خاڵی کۆتایی نەبێت، "دەتوانرێت پارێزکاری لێبگرێت بە شێوەیەکی نادیاریکراو یان بووەستێت لە هەر خاڵێکبێت": (هەمان سەرچاوە). Kenny ١٩٦٣ سەرنجی لەوە داوە کە سروشتی کاری تێلیکی زۆر جار

دەتوانرێت بەو ڕێگەیەی لای خوارەوە تاقیبکرێتەوە "ئەگەر X کاری تێلیك بێت ئەو کات "A is (now) Xing" ئەوە دەگەیەنێت "A has not (yet Xed), بەڵام ئەگەر X کارێکی ئەتێلیك بێت، پاشان "A is (now) Xing" ئەوە دەگەیەنێت کە "A has Xed"

پێناسەی دووەم، Comrie ١٩٧٦: ئەوە(پڕۆسەیەکە) دەبێتە هۆی ئەوەی بگاتە خاڵی باش-دیاریکراو کە لەدوای ئەوە پڕۆسەکە ناتوانێت چیتر بەردەوام بێت. دیاگرامی (٢)




### ١.٣ سنوردارێتی boundness

جیاوازی لە نێوان "ف-ك" لە جۆری "دروستکردن" و "پیاسەکرن" پێچەوانەی "دروستکردنی خانویەك" و "میلێك ڕۆیشت"نن، ئەوانەی یەکەم سنوردارنەکراون و بە شێوەیەکی نمونەیی ئیمپێرفێکتیڤن، ئەوانەی دوایی پێکهاتەی سنوردارکراون و وەك نمونەی پێرفێکتیف ڕەفتاردەکەن. "سنوردارێتی تایبەتمەندی ئەو بارودۆخانەیە کە بەهۆی هەندێك "کار" یان "ف-ك" یەوە دەنوێنرێن، و مەرجنیە کە نەگونجاوبن لەگەڵ دەربڕینە ئیمپێرفێکتیڤەکاندا"(سەیری ١٩٨١ Dahil). ئەو "ف-ك" یانە دەشێت وا ئاماژەیان بۆ بکرێت وەك ئەوەی هەندێك پۆل یان جۆری بارودۆخ پێشکەش بکەن کە دەشێت تایبەتمەندی سنوردارێتیان هەبێت یان نا، یان وەك ماوەکورتی وەها بارودۆخێك ڕەفتاربکەن کە لە کاتدا ڕوودەدەن.

ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیف دوو ئەرکی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە نەریت و بەردەوامێتی، بۆیە لە باسکردنی ئیمپێرفێکتیڤدا، ئەو دوو ئەرکە وا دێنەبەرچاو وەك بناغە و دەبێت هەڵوێستەیان لەسەربکرێت، لە بەکارهێنانی ئیمپێرفێکتیف بۆ دەربڕینی نەریت، ئەوە بەدیدەکەین کە دووبارەبوونەوەیان بەشێکە لە سیمانتیکی ئیمپێرفێکتیف، دیارە، لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان دووبارەبوونەوە، یان دووبارەنەبوونەوەی بارودۆخ کە وەك ئەو حاڵات و بارودۆخانەی لەبەشی بچوکی وەك یەك پێکدێن و دووبارەبوونەوەیان بە شێوەیەکی یەکسان و بەردەوام و بێسنور یان دووبارەبوونەوە لە ماوەیەکی دیاریکراو ڕوودەدەن و خوێندنەوەی نەریتی هەڵدەگرن و زانیاریمان سەبارەت بە بکەر دەدەنێ، سەرنج لەو نمونانەی لای خوارەوە بدە:

(١) باپیر جگەرە <u>دەخوات</u>. "ئیمپێرفێکتیف، دووبارەبوونەوەی بێسنور، سیفەتی جگەرەخۆر دەداتە بکەر"

(٢) باپیر جگەرەی <u>دەخوارد</u>. "ئیمپێرفێکتیف، ئەسپێکتی پرۆگرێسف، سیفەتی جگەرەخۆر بوو دەداتە بکەر"

(٣) باپیر هاوینان <u>دەچێتە</u> فەرەنسا. "ئیمپێرفێکتیف، نەریتی سنوردارکراو، تەنها هاوینان و بەس"

(٤) باپیر لە سەفەر گەڕایەوە. "دووبارەبونەوەی حاڵەتێکی تاکی سنوردارکراو و نانەریتی"

بەو شێوەیە دەبینی هەریەك لە (١) بۆ (٣) خوێندنەوەی ئەتێلیك وەردەگرن چونکە بارودۆخەکان بەشێوەیەکی بەردەوام و بەبێ دیاریکردنی خاڵی کۆتایی بەردەوام دەبن، لە کاتێکدا (٤) خوێندنـەوەی تێلیکـی وەردەگرێـت و باس لە ڕوداوێکێك دەکات بە خاڵی کۆتایی دیاریکراوەوە.




تەنها پێرفێکتیڤی و ئیمپێرفێکتیڤێتی بەسنین بۆ دانانی سنور لەنێوان تێلیك و ئەتێلیکدا، بابەتەکە گەلێك لەوە ئاڵۆزترە، لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێك لە هۆکاری تریش دەکەین کە لەو بارەیەوە هاوکارن، کەواتـە بڕیـاردان سەبارەت بەوەی ئایا کارێکی دیـاریکراو تێلیکـە یـان ئـەتێلیك، و ئایـا کـارێکی تێلیکـی تـەنها باسـی بـارودۆخێکی تێلیکی دەکات یان نا، ئەوە پشت بە سروشتی ئەرگیومێنتەکان دەبەستێت هەر لـە بکـەر، بـەرکار، خوێندنـەوەی پڕاگماتیکی و هەروەها، بۆ نمونە، لەگەڵ ئەوەشدا کە "باپیر گۆڕانی دەڵێت" باس لە بارودۆخی ئەتێلیك دەکات، ڕستەی "باپیر گۆڕانیەك دەدەڵێت" ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بـەرکاری دیـاریکراو تەنانـەت کاتێـك بـە هـۆی کارێکی چالاکیشـەوە باسـبکرێت بارودۆخەکـە سـنوردارەدەکات و خوێندنـەوەی تێلیکـی دەداتـێ، کـەی بـاپیر لـەو گۆرانیە تاکە بۆوە ئەوە واتای گەیشتنە بە خاڵی کۆتایی.

- لە چایخانەکەی ئەو بەر تەقەیە (باپیر فیشەکێکی تەقاند و کەسێکی گوشت)

بەسەرنجدان لە بارودۆخی "تەقەکردن" و "کوشتن" دەبینی بارودۆخەکـە سـەرەتا و ناوەڕاسـت و کۆتـایی بـووە بە یەك و هەرکەسێك گوێی لەو دوو فۆڕمی تێنسـە دەبێـت، وەك یـەك پارچـە سـەیریان دەکـات و فریـای ئـەوە ناکـەون کـە بـیر لـە نـاوەوەی بـارودۆخی "تەقـەکردن" و "گوشـتن" بکەنـەوە و لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا بارودۆخەکە دەبێت "تایبەتمەندی ماوەیەکی درێژکراوەی کاتبن"، ئـەو دوو فۆڕمـە ئـەوەمان پێـدەڵێن کـە هـەر فۆڕمێکی دیاریکراو لە کرۆکی بنیاتی سیمانتیکیەکەیاندا چەندێتی ئەو ماوە دیاریدەکەن کـە تیایـدا ڕوودەدەن، بــەردەوامێتی لەلایــەکی تــرەوە، بــۆ بارودۆخێــك بــەکاردەهێنرێت کــە بەڕادەیــەك درێــژبێت وەك ئــەوەی خوێندنەوەی بەردەوامی یان دوبارەوەبوون هەڵبگرێت.

(١) ناوەوەی قاوەخانەکە گەرمە، هێتەرێك دەسوتێت. Comrie (١٩٧٩:٣١)

بـە شـێوەیەکی نـەریتی، نـەریت وا دەبینرێـت وەك ئـەوەی زنجیرەیـەك لـە ڕوداوی یـەك لـەدوای یـەك بێـت، و بەهەموویان بارودۆخێك پێکبهێنن، دانەکانی ئەو زنجیرەیە، لەسەر وەك یەکی سـیمانتیکی و ڕێزمـانی ئـەو دوو دیاردەیـە دامـەزراون، لـە کوردیـدا وەك زۆر لـە زمانـەکانیتر، جیـاوازی لـە نێـوان سیسـتێمی پێـرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتدا دەبەسترێتەوە بە جیاوازی لە نێوان ڕابردووی سادە و ڕابـردووی پڕۆگرێسـف، لـە لای Comrie (١٩٧٦:٣١) وشە دابەشکردن وا دەبینرێت کە ئیمپێرفێکتیڤیتی زیاتر واتای سروشتیە وەك لەوەی ئەندام بێت لە جیـاوازی ئەسـپێکتیدا، ئـەو لێکدانەوانانـە لـە زمانـە سـلاڤیەکاندا هەنـدێك پشـگیری بەدەسـتدەهێنن کاتێـك بەردەوامێتی و پڕۆگرێسفی هەندێگ جـار نـەریتی و نـا-پڕۆگرێسـفێتی گونجـاون نـەك تـەنها لەگـەڵ ئەسـپێکتی ئیمپێرفێکتڤێتی بەڵکو لەگەڵ ئەسپێکتی پێرفێکتیڤیتیشدا.

ئەگەر ستاتیفەكان نەگونجاوبن لەگەڵ فۆڕمی ئیمپێرفێكتیفیتی، واتە ئەسپێكتی پرۆگرێسڤدا، ئەوە لە كوردیدا بەو ئاشكراییە دیارنیە، واتە سنوردار نەكراوە، بۆیە لە دیاریكردنی سەرەنجامیدا دەبێت بیر لە پرۆسەیەكی سەركەوتوو پوختەكراو بكرێتەوە. ئەوەی جێگەی سەرنجە لە "ئازاد خانوو دورستدەكات" و "كێكەكە لە ناو تەباخەكەدا دەبرژێت" كەی ئەو دوو بارودۆخە گەیشتنە خاڵی كۆتایی و سەرەنجامی هەستپێكراو هاتە دەست، ئەوە سەرەنجامیە، دەنا هەر ڕێگرییەك لە "دروستكردنی خانوو" یان "برژانی كێكەكە"، بە پێچەوانەی مەبەست دەوەستێتەوە.

(١٩٦٦:١٩٩) Allen دەڵێت "كارە كورت خایەنەكان ئاماژە دەكەن بۆ بارودۆخێك كە وا دێنەبەرچاو وەك ئەوەی ماوەدوریان نەبێت"، وەك ئەوەی هەموو لەیەك كاتدا ڕوودەن، هەموو لە چركەیەكدا، زیاتر لەگەڵ بارودۆخی پێرفێكتیڤیدا گونجاون.

ئەگەر ٠ كارێكی تێلیك بێت، A is (now) ing ئەوە دەگەیەنێت، كە A هێشتا كۆتایی هاتووە، بەڵام ئەگەر ٠ كارێكی ئەتێلیك بوو پاشان A is (now) ٠ ing ئەوە دەگەیەنێت A كۆتایی نەهاتووە.

**١.٤ كارە نا-سادەكان و خوێندنەوەی تێلیكێتی**

سەبارەت بە كارە ناسادەكان، وەك هەموو كارێكی تری سادە دەكرێت وەك داینامیك یان ستەیتیڤ بەكاربهێنرێن، جیاوازی ئەوانە لەگەڵ كارە سادەكاندا ئەوەیە كە كاری نا-سادە ئەوانەن كە دەكرێت بەسەر دوو گروپدا دابەشببن، ئەوانەی پشت بەوە دەبەستن كە ئایا بەشی كاریەكەیان وەك كاری سادە و داینامیكن یان نا، بازدان، ڕاكردن، پێشنیاركردن، یان ستەیتیڤن وەك حەزكردن، باوەڕكردن، عاشقبوون، ئەوانەی لەگەڵ پێكهێنەری كاری ڕەفتاردەكەن، بەچاوپۆشین لە سروشتی ئەو بارودۆخەی قسەی لەبارەوە دەكرێت، وەك داینامیك كاردەكەن، (بۆ نمونە، ئەوانە لەگەڵ پرۆگرێسڤدا دێن، ئەوانەش لەگەڵ پرۆگرێسڤدا ڕونادەن).

خاڵێكی تری گرنگ كە كارە نا-سادەكان لە كارە سادەكان جیادەكاتەوە ئەوەیە كە بە چاوپۆشین لە هۆكارە هابەشەكانی وەك، جۆری بەركار، جۆری ئاوەڵكار، نیشانە دیاریكەرەكان، نیشانەی كۆ و هەروەها بۆ هەر دوو كاتەگۆریەكە، كە دەبنە هۆكار لە بەئاراستەبردنی ناوەرۆكی دەربڕینەكان، كە دەبێت وەسفی بارودۆخی تێلیك یان ئەتێلیك بكەن، ئەوە لە فۆڕمی تێنسی كارە ناسادەكان جلەوی سنورداركردنی بارودۆخ بەتەنها بەهۆی بەشی كاری فۆڕمی تێنسەكەوە بڕیاری لەسەرنادرێت، بۆ نمونە، با سەرنج لە "كردن" وەك كاری بەیاریدە بدەین كە بە پێی بەشی یەكەمی بەشی-ناكاریەكەیەوە خوێندنەوەكان دەگۆڕدرێن"

(ا) نازەنین سەمایكرد. "سەماكردن كارێكی چالاكیە، ئەتێلیەكە".

(ب) باپیر خانووی دروستكرد. "دروستكردن كارێكی بەجێهێنانە، تێلیكە".

(ت) نازەنین كلیلەكەی وەنكرد. "وەنكردن كارێكی بەدەستهێنانە، تێلیكە".

(پ) نازەنین باوەڕی بە قسەكەی من كرد. "باوەڕكگردن كارێی ستەیتیڤە، ئەتێلیكە.

**١.٥ ڕۆڵی نیشانەی "دە-" لە خوێندنەوەی تێلیكێتیدا**

ئەگەر سەرنج لە كارێكی وەك "دەسوتێت is burning" بدەین دەبینین كە ئاماژەیە بۆ كارێكی ئەتێلیك و دەشێ بۆ ماوەیك درێژبێتەوە و خاڵی كۆتای دیاری نیە، و دەربرینی "نانیان دەخوارد" ... هەر دووك پێكەوە دەكرێت وەك ئەسپێكتی ئیمپێرفێكتیڤێتی مامەڵەبكرێن، ئەو خوێندنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی نیشانەی

ئیمپێرفێکتیڤێتی "دە" کە بەرانبە بە نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤیتی " می"[1] لە فارسیدا دەوەستێتەوە، ئەو خوێندنەوەیە لە "دە- + ڕەگ" و "دە- + قەد" سەرچاوەی هەڵگرتووە، بەڵام بە هەندێك خوێندنەوە و لێکدانەوەی جیاوازەوە، لە ڕوی:

(ا) ئەرکەوە، واتە لە هەردوو زمانەکەدا واتای بەردەوامی بە هەر کارێك دەدەن کە لەگەڵیدا ڕوودەدەن.

(ب) شوێنی ڕوودان، هەمیشە وەك پێشگر مامەڵەدەکرێن، و دەکەونە پێش قەد یان ڕەگی کارەکانەوە

(ج) دەتوانن لە گەڵ هەردوو فۆڕمی تێنسی ڕابردوو و نا-ڕابردوودا ڕووبدەن.

(د) کاتێك "دە-" دەچێتە سەر ڕەگ، فۆڕمی تێنسی نا-ڕابردوو(ئێستا و ئاینده) پێکدەهێنێت، کە لە باری سەرنجی ئەسپێکتیەوە فۆڕمەکە وەك ئیمپێرفێکتیڤ مامەڵەدەکرێت، و بەهای نەریت وەردەگرێت، بە خوێندنەوەیەکیتر، لەگەڵ هەندێك کەرەستەی زمانی زیادە بە وێنەی "وا- خەریکە- و ... " فۆڕمی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ پێکدەهێنێت بەبێئەوەی ئاماژە بکات بۆ نەریت، هەرکات بچنە سەر قەد، ئەوە ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ لە ڕابردوودا پێکدەهێنێت و لە حاڵەتی نەبوونی ڕستەی ناسەرەکی هەمیشە خوێندنەوەی نەریت وەردەگرێت کە ئەوە وەك یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی کوردی مامەڵەدەکرێت.

(ه) نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤ"دە-" لەگەڵ هەردوو ئەو کارانەی کە باس لە بارودۆخی کورتخایەن یان درێژخایەن دەکەن کۆدەبێتەوە، لە ڕابردوودا فۆڕمی "دە + قەد" و لە ڕانەبردوو "دە- + ڕەگ" وەردەگرێت لە هەردوو باریشدا ئاماژە بۆ بەردەوامێتی دەکات، یەکگرتنی ستاتیڤێتی و ئیمپێرفێکتیڤێتی هۆکاری سەرەکی فۆڕم دەکەن، تا نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤیی "دە-" وەك دەربڕینی بەردەوامێتیی بێسنوری ئەو بارودۆخەی ئاماژەی بۆکراوە لەبری ئەوەی ئاماژە بۆ بارودۆخەکە بکات لە پرۆگرێسڤدا.

(ه) هەمیشە لە سەرەتای بەشی-کاری لە فۆڕمی تێنسی نا-سادەدا ڕوودەدات، بۆ نمونە، "یاری-دەکات"، و هەروەها. سەرەنجام ئەوەی بە ڕونی بەدەردەکەوێت ئەوەیە کە واتای کرۆکی "دە-" ئاماژەیە بۆ بەردەوامی و واتای دووەم و ناکرۆکی وەك هاوبەش لە پێدانی خوێندنەوەی پرۆگرێسڤ دەکات (یان بەردەوامی لەگەڵ ڕەگ) بە فۆڕمی ئەو تێنسەی لەگەڵیدا ڕوودەدات، کەواتە ئەوە لێکدان و کۆکردنەوەی ئەسپێکتە لەگەڵ تێنسی نا-ڕابردوو و ئەگشنسارتی جیاواز واتە زاراوەی جیاوازی فەرهەنگی کە هەردانەیەك ئاماژە بۆ بارودۆخێك دەکات کە لە کاتدا درێژ دەبێتەوە.

گرفتێکی تر لەگەڵ نیشانەی "دە-"دا ئەوەیە کە ئایا تەنها لەسەر کارە درێژ خایەنەکاندا ڕوودەدات تا دواجار بە هۆیەوە بارودۆخی تێلیکی لە ئەتێلیبکی جیابکەینەوە، لەلایەکەی ترەوە، ئایا ئەوە تایبەتە بە کارە داینامیکیەکان یان ئاسایی لەگەڵ هەردوو فۆڕمی تێنسی داینامیك و ستەیتیڤەکان ڕوودەدات، سەبارەت بە جیاکردنەوەی ڕوداوی درێژخایەن، لە کورت خایەن و چرکەساتی گفتوگۆی زۆری لەسەرە، یەکێك لەوانەی ئاوڕی لەو بابەتە داوەتەوە، ئەوە (١٩٧٦:٤٣) Comrie یە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فۆڕمی نیشانەی

---

[1] هەندێك لە زمانەوانە کوردەکان، لە نامەی ماستەر و دوکتۆرا و لێکۆینەوەکانی خۆیاندا نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤیتی "دە-" کە بێ زیادوکەم بەرانبەر "می-" فارسی دەوەستێتەوە جارێ بە ئەسپێکت و جارێك وەك ئاماژەکەر بۆ سەرەتای بارودۆخ دادەنێن، ئێمە لە چەند شوێن ئاماژەمان بەوە کردووە کە ئەوە هەڵەیە و دوورە لە ڕاستیەوە، ئەو ئەرکەی کە لە کوردیدا بەو نیشانەیە سپێردراوە، بریتیە لە بەخشینی بەردەوامی و ناتەواوبوون بە فۆڕمی ئەو تێنسەی کە لەسەری ڕوودەدات، بۆ نمونە، (١٩٩٠:٢٤٠) Fasrahani دەڵێت " the meaning of theimperfective marker *mi-* is consistemtly the indication of the situation as continous" واتای ئیمپێرفێکتیڤی نیشانتەی "می" بەردەوام و هەمیشە ئاماژەکردنە بۆ بارودۆخ وەك ئەوەی بەردەوامبێت.

ئیمپێرفێکتی کارە کورت خایەنەکان ئاسایی خاوەنی واتای ناوەکین، فۆڕمی ئیمپێرفێکتی نا-ڕابردوو " وا دەپژمێت-he is sneezing"، ئەوە وا وەردەگیرێت وەك ئەوەی ئاماژە بکات بۆ زنجیرەیەك لە پژمین، چونکە تەنها تاکە یەك پژمین هەرگیز نیشانەی پڕۆگرێسف وەرناگرێت، بۆیە دەبێ زنجیرەیەك لە پژمین لە بری تاکە پژمینێك یەك لەدوای یەك بێن ئەوسا خوێندنەوەی پڕۆگرێسف وەربگرێت، لێرەدا ئەو گریمانەیە دەسەلمێنرێت کە واتای (دە-) هەرگیز پڕۆگرێسف نیە، بەلاّم "دە-" هەر ڕوودەدات، ئەوە لە ئینگلیزیدا زیاتر دیارە کە هەرکات "ing-" ڕویدا بە زەرورەت دەبێت وا بیربکەیتەوە کە ئەوە زیاتر لەیەك پژمینی تاك دەگەیەنێت، کەواتە لە ژێر بارودۆخێکی دیاریکراودا ئەوە خوێندنەوەی دووبارەبوونەوە وەردەگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، دەبینی کە "دووبارەبوونەوە دەبێت وا لەبەرچاوبگیرێت کە نابێتە بەشێك لە واتای نیشانەی ئیمپێرفێکتی "دە-" و "mi" لە فارسیدا، تەنانەت وەك دانەیەك لە واتای دووەمیشی، "بەڵکو وەك کارلێککردن و ناوبەند پەیوەندی واتای ئیمپێرفێکتیڤێتی و چرکەساتی(کورتخایەنێتی) مامەڵەدەکرێت" (Farahani ١٩٩٠:٢٤٠) و دوو بەڵگە بۆ ئەوە پێشکەشدەکات: "

**یەکەم،** ئەگەر کارە کورت خایەنەکان بە کارە دوورخایەنەکان جێگەیان بگیرێتەوە، سەرەنجامی فرێزی کاریەکە، بەتایبەت کە ئاوەڵکاری کاتی نەبێت تا ئاماژە بۆ خوێندنەوەی نەریتی بکات، بەردەوامێتی نمونەیەکی تاکی بارودۆخی دیاریکراو دیاریدەکات، وەك "عەلی وا نامە دەنوسێت-is writing"،

**دووەم،** تەنانەت ئیمپێرفێکتیڤی نا-ڕابردووی کارە کورتخایەنەکان دەشێت لە ژێر بارودۆخێکی دیاریکراودا، بۆ نمونە، بەکار هێنانی تەعلیقی commentary usde تێنسی نا-ڕابردوو، ئاماژە دەکات بۆ نمونەیەك لە ڕەفتاری تاك یان تەنانەت ڕوداوی جەخت لەسەرکراوەوە، بۆ نمونە، "هەسەن دەپژمێت-sneezes" (Farahani ١٩٩٠٢٤٠-٤١). کەواتە خوێندنەوەی تێلیکێتی دەکرێت تەنانەت لەگەڵ ئەسپێکتی پڕۆگرێسفیشدا ڕووبکات بۆ نمونە، سەرنج لەو نمونانەی خوارەوە بدە:

(ا) باپیر وا گۆرانی دەڵێت.

(ب) باپیر وا سێ گۆرانی دەڵێت.

(ا) خوێندنەوەی تێلیکی وەرناگرێت بەڵکوو بەپێچەوانەوە وەك ئەتێلیك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کۆی واتای ڕستەکەوە ئەوە تێدەگەین کە هیچ ئاماژەیەك نیە سەبارەت بەوەی ئایا باپیر چ ئەنجامێك یان ڕونتر لە کوێ دەوەستێت و لە کوێ خاڵی دیاریکراوی پێشوەختی قسە لەبارەوەکراو کۆتایی دێت، زیاتریش لەوە دەبینی کاتێك بە هەر هۆیەکەوە بێت ئەگەر باپیر لەگۆرانی وتن بوەستێت لەلایەکەوە ناتوانین بلێن گۆرانی نەوتووە و لەلایەکەی ترەوە زانیاریمان ناداتێ تا بزانین ئەوە چ گۆرانیەکە و چەندی ماوە تا سەرجەم گۆرانیەکە تەواوببێت.

هەردووك (ا) و (ب) لە حاڵەتی ئەسپێکتی پڕۆگرێسفدان، بەلاّم ئەوەی (ب) لە (ا) جیادەکاتەوە ئەوەیە کە مۆرفیمی (سێ) لە (ب)دا هەیەو لە (ا)دا نیە، بۆیە لەوەوە پێشبینی ئەوە دەکەین کە لە (ب)دا هەرکات باپیر سێ گۆرانیەکەی تەواوکرد ئەو کات دەگوترێ ئەوە خاڵی کۆتاییە کە لە وێدا بکەر دەگاتە ئەو مەبەستەی کە پێشتر پلانی بۆداناوە و چیتر بەردەوام نابێت، دیارە دەبێت لەو بارەدا ئەوە بگوترێت کە لە (ا) و (ب)یشدا لەبەر ئەوەی وەسفی بارودۆخی گورانی وتن بە ئەسپێکتی پڕۆگرێسف دەکەن کە بە شێکە لە ئەسپێکتی

بەردەوام، بۆیە ئەگەر و هەرکاتێك و بەهەر هۆیەکەوە بێت پرۆسەکە بوەستێت، ئەو کات خوێندنەوەی تێلیکیتی تەنانەت لە (ب)یشدا لاوازدەبێت.

نمونەیەکی چاوەڕوانکراویتری دیاری Copmrie سەبارەت بە بارودۆخە کورتخایەن و وردەکان، بریتیە لە "چۆن گەیشتە لوتکەی چیاکە"، لەوێ هیچ چرکەساتێك نیە کاتێك کە چۆن نەگەیشتبێتە لوتکە و چرکەساتێکیتر کاتێك کە نەگەیشتبێت، لە بەکارهێنانی فلیمی سەرکەتنەکەدا، ماوەکە لە نێوان ئەو دوو چرکەساتە(گەیشتن و نەگەیشتن) دەبێت هەمیشە سفربێت، هەمیشە نەگونجاوە بڵێیت، " John is reaching the summit" لە کاتێکدا لە کوردیدا "چۆن (وا) دەگاتە لوتکە" دووبارە جۆرێك لە ئاڵۆزی بەدیدەکرێت، و ئەوە دەسەلمێنێت کە "دە-" نیشانەی پرۆگرێسڤ نیە، چونکە دەبینێك لەگەڵ کارێکی کورتخایەنی وەك "گەیشتن"یشدا ڕوودەدات، بۆیە دەبێت لە گەیاندنی تاکە واتایەکی دووبارەوەبوو بەدەرنەبێت. ئایا نیشانەی ئیمپێرفێکت "دە-" لە وەها بنیاتگەلێکدا بەردەوام بیری بەردەوامیێتی دەگەیەنێت یان دەکرێ بیر و خوێندنەوەیتر هەڵبگرێت، بۆ نمونە، کورت خایەنێتی، وەڵامەکە ئەوەیە بەڵێ... چونکە (١٩٧٦:٢٢) Comrie سەرنجی لەوە داوە کە "بارودۆخە کورتخایەنەکان، بە واتای وردی وشە، بەتەوای کورتخایەن نین، بەڵکو بارودۆخێکی کورتن کە وا دێنە زانین وەك ئەوەی کورت خایەنبن و دەشێ وەك درێژخایەن مامەڵە بکرێن، لەژێر بارودۆخێکی دیاریکراودا"،

یەکێ لە بەکارهێنانەکانی "دە-" کە جێگەی سەرنجە ئەوە بەکارهێنانیەتی لەگەڵ کارە ستەیتیڤەکان، بۆ نمونە، "دەزانم" کاتێك لەگەڵ ئەسپێکتی پێرفێکتیڤ کۆبۆوە توانای تێگەیشتنی ورد بەخۆوەدرگرێت و واتای گرتن واتە هاتنە زانین دەدات، "هەر ئێستا تێگەیشتم کە پیرەمەگرون شارە "، "دە-" ئاماژە بۆ بارودۆخی ستاتیکی دەکات، لە کوردیدا لەگەڵ کاری یاریدەدەری "بوون" یشدادێت، "دەبوو، دەبێت ..."، بێلایەنی نیشانەی "دە-" لە کوردیدا لەوەدایە کە نەك تەنها لەگەڵ ستەیتیڤ و کارە دورخایەنەکاندا بەڵکو بە شێوەیەکی ئازادانە لەگەڵ هەموو کارە داینامیکیەکاندا کۆدەبێتەوە، و لەنێویاندا کارە کورتخایەنەکان[2] و نابێت بارودۆخەکە وا باسبکات وەك ئەوەی لە پرۆگرێسڤدا بێت، لەجیاتی ئەوە وا دەبینرێت وەك ئەوەی بارودۆخی دیاریکراو وەك بەردەوام دەربینرێت.

واتای کرۆکی هاودەمی دەبێ وەك بەرهەمی کارلێککردنی واتای دوو پێکهێنەری فۆرمی کاری دیاریکراو ببینرێت، بەواتای ئەوەی نیشانەی ئیمپێرفێکتی و ڕەگی کاری فەرهەنگی لەبری ئەو زانیاریەی لە لایەن هەریەك لەوانەوە دەگەیەنرێت. کەواتە واتای جێگیری تێنسی نا-ڕابردوو وا لێکدەدرێتەوە کە بەرهەمی کارلێککردنی (ا) واتای نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤیتی دە- کە بە شێوەیەکی جێگیر ئاماژەدەکات بۆ بارودۆخی دیاریکراو وەك بەردەوام، و (ب) ڕەگی تێنسی کاری فەرهەنگی کە نا-پێشتریە non-anteriority لەبری ئەوە وەك واتای دووەمی هەر یەك لەو دوو پێکهێنەرە سەرەکیانە بێت. بۆ نمونە،

(أ) بە یانی وەك ئەم کاتە ئێمە یاری تۆپی پێ دەکەین

(ب) بەیانی دەمانەوێت یاری فوتبۆڵ بکەین

[2] بەلای زوربەی زۆری زمانەوانەکانەوە، بەتایبەت زمانەوان (١٩٧٦:٥٠) Comrie ئەوە دیاریدەکات کە لەبەر ئەوەی کە بارودۆخە کورتخایەنەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هاوبەشی لە گۆڕانی بارودۆخ دەکەن، ئەوانە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی داینامیکن، کەواتە کارە کورتخایەنەکان هەموو کاری داینامیکین"

ئاوەڵكاری "ئەم كاتە" ئاماژە دەكات بۆ بەردەوامێتی ڕوداوی ئاماژەبۆكراو لە كاتی دیاریكراو و داهاتوودا. لە (ب) دا بەردەوامی ڕوداوەكە لە ئایندەدا بە هۆی پرۆگرێسڤەوە ئاماژەی بۆكراوە نەك بەهۆی "ئەم كاتەوە". كەواتە هاتنی ئاوەڵكاری كاتی لەگەڵ تێنسی نا-ڕابردوو واتای بەردەوامی ڕوداو و كردەوەكەیە لە ئایندەدا.

### ١.٦ باری سەرنجی ئەسپێكتی: viewpoint aspect

كاری gaze وەك ئەتێلیك ڕەفتار دەكات دەتوانێت بەردەوام بێت بە شێوەیەكی ناسنوردار، بۆ نمونە، "A چاوی لە ئاوەكە بڕیووە"، ئەوە بە پێچەوانەی كاری"دروستكردن"ە، فریزی "پژمی" لە كوردیدا دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێت، بۆ نمونە، یان وەك ئەسپێكتی پرۆگرێسڤ he is snizin" دێتە بەرچاو وەك ئەوەی ئاماژە بكات بۆ زیاتر لە پژمینێكی تاك، یان ئەوەتا ئاماژە بۆ تاكە كردەوەیەكی پژمین دەكات، بۆ نمونە، "پژمی" ئەسپێكتی پێرفێكتیڤ "دەپژمێت" وەك ئەسپێكتی ئیمپێرفێكتیڤ كە دەشێت لە كاتی ئێستادا، واتە كاتی قسەكردن ڕوەبدات یان لە كاتی ئایندەدا، دەربڕینی "لە دەرگادان" نمونەیەكیترە و هەمان خوێندنەوەی "پژمین" وەردەگرێت. ئەوە ڕاستی بارودۆخەكەیە لە ژێر هەر بارودۆخێكی تایبەتدا، و هەروەك چۆن واتای چەندان كردەوەی "پژمین" یان "لە دەرگادان"دەدات.

پێشتر باسی ئەوەكرا ئایا كام لەو دوو حاڵەتە، بۆ نمونە، "بەردەوامێتی" یان "پرۆگرێسڤێتی" واتای كرۆكی نیشانەی ئیمپێرفێكتیڤی "دە-" پێكدەهێنن، و گەیشتینە ئەو قەناعەتەی كە بەردەوامێتی نەك پرۆگرێسیڤێتی واتا و ئەركی كرۆكی نیشانەی "دە-"یە لە هەردەبڕینێكدا ڕوبدات، لەم حاڵەتەدا گرفتێكی تر سەرهەڵدەدات، بۆ نمونە، ئایا لە كوردییدا هاوتا بە فارسیی كردەی دووبارەبوونەوە iterativeity بەشێكە لە واتای ئیمپێرفێكتیڤێتی یان نا، یان ڕونتر بەشێكە لە واتای نیشانەی "دە-" یان نا، بە دڵنیاییەوە، ناتوانرێت وەك بەشێك لەواتای كرۆكی یان واتای دووەمی نیشانەی ئیمپێرفێكتیڤێتی و نیشانەی "دە-" بێت، بەڵكوو ئەوە زیاتر سەرەنجامی تێكەڵبوون (و كارلێككردن)ی واتای ئیمپێرفێكتیڤێتی و بارودۆخی (كورتبڕی) ورد punctuality دەبینرێت.

ئەوەی زیاتر جەختی لەسەردەكرێتەوە، و بۆ چارەكردنی ئەو گرفتە و بڕیاری دروست، لەپاڵ ئەوەی كە دەگوترێت ئەوە بەرئەنجامی تێكەڵاوبوون و كارلێككردنی واتای ئیمپێرفێكتیڤیتی و بارودۆخی (كورتبڕی) وردی بزانرێت، ئەوە بنیاتی سیمانتیكی فۆڕمی تێنسی دیاریكراو و ئەو ڕەفتارەی پێی دەسپێرێت تا ئاماژە بكات بۆ جۆرێك لە بارودۆخ زیاتر لە یەكێكیتر، بۆ نمونە، پێكهاتە و ئەو بارودۆخەی فۆڕمێكی وەك "لە دەرگادان" و "پژمین" زۆر جیاوازە لە "دروستكردن"، هەركات گوێت لە دەبڕینێكی وەك "لەدەرگادان" و پژمین" دەبێت بیرت بۆ زنجیرەیەك "لە دەرگادان" و "پژمین" دەچێت، ئەوە، ئەوەمان پێدەڵێت كە لەزوربەی كاتدا دووبارەبوونەوە بەشتێكە لە بنیاتی ناوەكی بارودۆخە كورتخایەنەكان، بەتایبەت ئەوانەی خوێندنەوەی چالاكی وەردەگرن، لە هەمان كاتدا خوێندنەوەی دووبارەبوونەوە لە بارودۆخێكی كورتخایەنی هاوشێوەدا نابینی، بۆ نمونە، "بردنەوەی یاری، ونكردن، و هەروەها، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخانە بەهۆی جۆرێك لە فۆڕمی تێنس وەسفدەكرێت كە بە تێڕوانینی ئەسپێكتی پێیان دەگوترێت، كارە دەستكەتەكان یان بەدەستهێنان و هەروەها. دیارە ئەوە لەگەڵ "دروستكرن"یشدا ناگونجێت كە بە هۆی فۆڕمی كارێكەوە وەسف دەكرێت كە پێی دەگوترێت بەجێهێنان.

پرسیاریتر لەوەدایە کە ئایا واتای نیشانەی ئیمپێرفێکتیڤێتی لە بنیاتی ئەو جۆرە کارانەدا بەردەوام دەربڕینی واتا و بیری بەردەوامی دەگەیەنێت یان هەندێك بیریتر، بۆ نمونە، ورد و کورتخایەنی، وەڵامەکە ئەوەیە ئەرك و وەزیفەی نیشانەی ئیمپێرفێمتیڤێتی بریتیە لە بەردەوامی و هێشتا هەر بەردەوامێتیە، چونکە هەر وەك Comrie ئاماژەی بۆ دەکات، زوربەی زۆری بارودۆخە کورتخایەنەکان بە واتای وشە، بە هیچ جۆرێك کورتخایەن نین، بەڵکو زیاتر بارودۆخێکی ماوە کورتن، کە وا دێنە بەرچاو وەك ئەوەی کورتخایەنبن، واتە وردبن، بەو جۆرە دەشێت وا لەبەرچاوبگیرێت وەك بەردەوامی لە ژێر بارودۆخێکی تایبەتدا لەبەرچاو بگیرێت.

(١) باشە ئەوە (باش) دەزانم کە وەڵامدانەوەکەت بەدڵنەبوو.

لە (١)دا دوو کار بە کاتەگۆری جیا کۆبونەتەوە، یەکەم کاری ڕابردووی پێرفێکتیف "بە دڵنەبوون"، و کاری ڕانەبردووی ستەیتیفی "دەزانم"، کاتێك لەگەڵ پێرفێکتیف یەکدەگرێت توانای "تێگەیشتن" و "هاتنە زانین "دەدات و خوێندنەوەی چوونەناوەوە و پەلاماری دەگەیەنێت، بۆ نمونە "هەر ئێستا زانیم کە ........" واتە چوونە ناو بارودۆخی نوێ کە بریتیە لە "بە دڵنەبوونی وەڵامەکەیە" بارودۆخی ستاتیڤی نەگۆڕە و بەهەردوو لای خاڵی کاتەکەدا درێژدەبێتەوە و بەهۆی دەقەوە دیاریدەکرێت، "زانین" تاقە ستەیتیڤێك نییە کە لە گەڵ نیشانەی ئیمپێرفێکتدا کۆدەبێتەوە، هەموو کارە ستەیتیڤە کوردیەکان ئەو توانایەیان هەیە، تەنانەت بەڵگەیەکی بەهێز وەك ئەوەی کاری یاریدەدەری "بوون" لە کوردی و فارسیدا لە گەڵ نیشانەی "دە"دا ڕوودەدەن.

هەمیشە خاڵی ئاماژەکردنی کاتی بەهۆی کاری سەرەکیەوە دادەمەزرێت کە پێش کاتی ڕوداوەکە دەکەوێت، لە کاتێکدا کە ئیمپێرفێکتی ڕانەبردوو بەهۆی ئامادەبوونی نیشانەی ئیمپێرفێکتی "دە-"وە بارودۆخەکە وا دەبینرێت وەك بەردەوامی، وەك ئەو چوارچێوەیە، بۆ نمونە، دەبێت هاوکات بێت لەگەڵ کاتی دیاریکراو کە یان ئەوەتا کاتی قسەکردنە یان کاتێکە لە ڕابردوو یان ئایندە پەیوەست بە کاتی قسەکردن، بۆ نمونە،

کۆمەڵگە خێرخوازەکان پارەیان بەسەر هەژارەکاندا دابەشدەکرد.

دوو ڕەگەز لە ڕستەکەدا "ڕێکخراوە خێرخوازەکان" و "یارمەتی" پێمان دەڵێن کە کارەکەیان وەك دابەشکردن زۆر لەدوای کاتی ئێستاشەوە بەردەوام دەبێت چونکە ڕێکخراوێك تەنها بۆ کاتێکی تاك و لە ڕوبردوودا دانەمەزراوە، دەشێت بۆ هەردوو لای کاتەکە بە ڕادەی بەرچاو درێژ دەبێتەوە، کەواتە دەکرێت بگوترێت کە ئەسپێکت نیشانەکردنی کاتە، کە وەك تێنس دەناسرێت. ئەگشنسارت کاتەگۆریەکی بابەتیە لەوەدا کە هەقیقەتی ناوچەی بارودۆخی باسکراو دەگرێتەوە، بۆ نمونە، لە مەودای گاتەگۆری بارودۆخی داینامیکی هەشت جۆر لە بارودۆخ بە پێی سێ جیاوازی دووانە وەك ئەوەی خوارەوە جیادەکەنەوە: ماوەدرێژی/کورتخایەن: حاڵەتی بکەری/حاڵەتی نابکەری، یەکلاییکەرەوە/یەکلایینەکرەوە، ئەوەی دوایی وەك یەکلاییکەرەوە و یەکلایینەکەرەوە وەك تێلیك و ئەتێلیك مامەمەڵەدەکرێن، "ئەوانە هێڵێکی جیاکەرەوە و جیاواز لەنێوان ئەو بارودۆخانەدا دادەنێن کە دەبێتە هۆی گۆڕانی باودۆخ و ئەوانەش کە ئەو کارە ناکەن" (Quirk ١٩٨٥L٢٠٧ )

**١.٦.١ ڕۆڵی نیشانە ڕێزمانیەکان لە گۆڕینی کاتەگۆری تێلیك بۆ ئەتێلیك و بە پێچەوانەشەوە**

دابەشکردنی کاتەگۆری بارودۆخەکان بۆ وەچە-پۆلی وەك، جێگیر، پرۆسە، ڕوداو، کردەوە و چالاکیەکان لەبەر ئەوەی بکەر لە بەشی فـن سەرتایی وەك سەرە مامەڵەدەکرێت و کۆنترۆڵی هەیە بەسەر ڕوداو و پرۆسەکاندا یەکبەرەودوا، بۆیە هەر گۆڕانکاریەکی بەسەردا بێت، بە تایبەت لە ڕوی تاك و کۆوە کاریگەری تایبەتی دەبێت لەسەر خوێندنەوەی تێلیك یان ئەتێلیکێتی ، بەهەمان شێوە بەرکاریش: بۆ نمونە،

(١) هەندێك قوتابی ڕاپۆرتەکەیان نوسیوە و هەندێکی تریان نا.

(٢) ئازاد نامان دەنوسێت.

(٣) ئازاد نامەیەك دەنوسێت.

(٤) "ئازاد (وا) گۆرانیەك دەڵیت" بە پێچەوانەی "ئازاد (وا) گۆرانیان دەڵێت".

ئاسایی دەکرێت بارودۆخی تێلیکی بگۆڕدرێت بە ئەتێلیك و بەپێچەوانەشەوە، ئەوە پشت بە نیشانە ڕێزانی و هەندێك جاریش بەندە فەرهەنگیەکان دەبەستێت، دیارە، سروشتی بکەری ڕستەکە لەو بوارەدا ناکرێت بخرێتە لاوە، ، بەو شێوەیە، ئەوە لە لای Comrie جەختی لەسەرکراوەتەوە، و باوەڕی وایە کە "بکەری کۆی نادیاریکراو، وا دەگەیەنێت کە هەموو بارودۆخەکە تێلیك نیە" (Comrie: ١٩٧٦:٤٧) ئەوە لە ڕستەی (١) جەختی لەسەرکراوەتەوە، کاتێك دەبینی کە "نوسینی ڕاپۆرتەکە" بەتەواوی جێبەجێ نەکراوە، بۆیە ناکرێت وەك بارودۆخی تێلیکی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لە (٢)دا نیشانەی کۆی "-ان" پێمان ناڵێت ژمارەی ئەو نامانەی دەبێت بنوسرێن چەندن، بۆیە خوێندنەوەی ئەتێلیك وەردەگرێت، لە کاتێکدا "نامەیەك" لە (٣)دا پێمان دەڵێت هەر کات لە نوسینی ئەو نامەیە بۆوە ئەوە گەیوەتە خاڵی کۆتایی دیاریکراو و ئیتر چیتر کردەوەی نوسین بەردەوام نابێت، بە هەمان شێوە "یەك" لە (٤)دا خوێندنەوەی تێلیکی دەدات بە ڕستەکە، گەرچی "گۆرانی وتن" لە حاڵەتی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤدایە، لەکاتێکدا، بەشی دووەمی ڕستەکە بەهەمان شێوە بارودۆخەکە بە هۆی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤەوە باسکراوە، بەڵام نیشانەی کۆ "-ان" بارودۆخەکەی گۆڕیوە بۆ ئەتێلیکی.

دەتوانرێت دوو تایبەتمەندی جیابکەینەوە، یەکەم تایبەتمەندی تێلیك کە بە X و تایبەتمەندی ئەتێلیکی کە بە Y ئاماژەیان بۆ کراوە، بەڵام ئەوە ناتوانرێت وەك هێڵی جیاکەرەوەی تەواو لەنێوان فۆڕمی تێنسی کوردیدا بکێشرێت، چونکە وەك لەسەرەوە باسکرا فۆڕمێکی دیاریکراو و لە دەقیدیاریکراودا بە زیادەی زمانیترەوە دەشێ جارێك وەسفی بارودۆخێکی تێلیکی و جارێکیتر وەسفی باودۆخێکی ئەتێلیکی بکات، کەواتە، دەبێت بارودۆخێك، پرۆسەیەك، لە هەندێك باردا دەشێت کردەوە یان بارودۆخێك بێتەپێشەوە کە دەکرێت تایبەتمەندی هەردوو کاتەگۆریەکە لەخۆبگرێت، هەموو ئەوانە لەلای زوربەی زمانەوانەکانەوە بە نمونەیەکی سادەی وەك (ا) ڕونکراوەتەوە، بۆ نمونە، دەکرێت لەسەر نمونەیەکی زمانەوان، (١٩٧٨:٢) Dahl ئەوە ڕونببێتەوە.

(أ) باپیر کورسییەکی دروستکرد.

(ب) باپیر دەرگای دروست دەکرد.

(ت) باپیر دەرگای دروستدەکردن.

(پ) باپیر سەردانی دایکی دەکرد.

(أ) تایبەتمەندی X لە خۆدەگرێت نەك Y چونکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەدەکات بۆ مەبەست(گۆڵ)ێك کە هەر لەسەرتاوە پلانی بۆ دانراوە، و کەی مەبەست بەدەستهات، چیتر کردەوەی دروستکردن بەردەوام نابێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە فۆڕمی تێنسی کارەکە خوێندنەوەی ئەسپێتکی پێرفێکتیفی وەربگرێت، بەڵام ئەگەر فۆڕمی تێنسی کارەکە وەك لە (ب)دا هاتووە لە ئەسپێکتی پرۆگرێسڤدابوو، ناکرێت هەمان تێڕوانین و خوێندنەوەمان بۆی هەبێت چونکە ئەو فۆڕمە دڵنیایانادات سەبارەت بەوەی کردەوەکە تا بەدەستهێنانی مەبەست بەردەوام دەبێت و هیچ کۆسپێك نابیتە وەستانی یان نا[٢]. بۆیە لە نێوان تەواوبوون و تەواو نەبووندا ئەوە بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە، ئەوەش یەکێکە لە ئەگەرەکانی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ لە ڕابردوودا، لە زوربەی زۆری زمانەکاندا ئەو ڕستانەی تایبەتمەندی X بەخۆوەدەگرن هەمیشە پێرفێکت و هەندێك جاریش ئیمپێرفێکتن لە کاتێکدا ئەوانەی تایبەتمەندی Y بەخۆوەدەگرن خوێندنەوەی ستاتیڤێتی، چالاکی یان ئیمپێلرفێکتیڤێتی وەردەگرن، بۆیە دەکرێت (ب) خوێندنەوەی پێچەوانەی هەبێت، بۆ نمونە، جیاوازی لە نێوان (ا) و (ب)دا ئەوەیە کە یەکەم نیشانەنەکراو و دووەم نیشانە نەکراوە، لە یەکەمدا بەدەستهێنانی مەبەست بێگرفتە و لە دووەمدا ناکرێت هەمان خوێندنەوە وەربگرێت، جیاوازی لە نێوان (ب) و (ت) لەلایەکی ترەوە ئەوەیە کە نیشانەی کۆ (-ان) کە لە خودی خۆیدا ئاماژەیە بۆ دووبارەبوونەوەی کردەوەی دروستکردن و جەختکردنەوەیە لەسەر خوێندنەوەی نەریت، بەڵام لە (ب) ئەو تێڕوانینە بێگرفتنیە، چونکە بە زیادەیەکی وەك "کەچوم" بەتەواوی خوێندنەوەی نەریت لە (ب)دا لاوازدەکات، لە کاتێکدا ئەو کاریگەریەی لەسەر (ت)دا نابێت، جیاوازی لە نێوان (ب) و (ت) لە لایەك و (پ) لە لایەکەی ترەوە ئەوەیە کە لە (پ)دا فۆڕمی تێنسی "سەردان" لە کوردیدا بەرکاری ڕاستەوخۆ وەرناگرێت بۆیە زیادەی زمانیتر کەمتر خوێندنەوەی نەریت لەوەها دەربڕینێکدا لاوازدەکات، بەبەڵگەی ئەوەی زیاکردنی دەربڕینێکی وەك "بە ئێواران" ئەوەندەی تر گریمانەی خوێندنەوەی نەریت لە (ت) و (پ) دا بەهێزدەکات بەڵام ئەو کاریگەریەی لەسەر (ب) دانێت. ئەوە وا دەکات کە ڕستەی "ب، ت، و پ" و وێنەی وەك ئەوانە تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیشدا گەلێك ئاڵۆز و تەمومژاویبن وەك لە (ا)دا دەبینرێت چونکە لێکدانەوە و خوێندنەوەی زیاتر هەڵناگرێت.

### ١.٦.٢ گرفتەکان

#### ١.٦.٢.١ گرفتەکان لەگەڵ خاڵی کۆتاییدا

Dahl (١٩٧٨: ٣-٤)، سەبارەت بە دیاریکردنی گرفت لەسەر پێناسە و دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی X، ژمارەیەك گرفت دیاریدەکات کە بە هەمان شێوە زوربەیان لەگەڵ پێناسە بۆ کارە تێلیکەکانی کوردیدا دەگونجێن، بۆ نمونە، لەبەر ڕۆشنایی ڕستەیەکی وەك "ئازاد نامەی دەنوسی" کە سەرەنجامەکەی بە کراوەیی هێڵراوەتە، دەبینی ئەو بیرە لە ئەدەبدا بەلانی کەمەوە بۆ، کار، فریزی کاری، ڕستە، فۆڕمی کار، بارودۆخ و پرۆسەکان بەکاردەهێنرێن، بۆ نمونە، کەسێکی وەك A لەسەر کورسیەك دانیشتووە، ئەگەر پرسیارێکی وەك "A چی دەکات"ی بەرەوڕودەبێتەوە دەشێت وەڵامێکی وەك ئەوانەی لای خوارەوەی هەبێت:

---

[٢] لە باسێکی تایبەتدا سەبارەت بە پرۆگرێسڤ لە زمانی کوردیدا لە هۆکاری ئەوە دەدوێین کە بۆچ سەرەنجامی بارودۆخێك کە بەهۆی فۆڕمی پرۆگرێسڤەوە وەسفکرابێت بە کراوەیی بەجێدەهێڵرێت.

(أ) باپیر وا نامان دەنوسیت؟ = He is writ letters

(ب) وا (خەریکە) نامەیەك دەنوسێت. He is writing a letter

وەك دەردەكەوێت هەردوو ڕستەكە هەمان بارودۆخ وەسفدەكەن، و ئەسپێكتی ڕستە ڕانەبردوی ئیمپێرفێكتیڤن، (ب) تایبەتمەندی X وەردەگرێت، بەڵام (ب) نا، تایبەتمەنیەكانی X، تایبەتمەندی بارودۆخ یان پرۆسەكە نیە، بەڵكو ئەوە زیاتر وەسفی سەرەنجامی بارودۆخەكەیە. لەلایەكیترەوە دەكرێت بگوترێت كە تایبەتمەندێتی X بۆ پرۆسە، بیر یان پۆلەكان بەكاردەهێنرێت، ئاماژەكردن بۆ مەبەست یان سنوردیاریكردن سەبارەت بە پێوانەی تایبەتمەندی ئەندامانی ئەو پۆلە بەهای ئەسپێكتی ڕستەكە دیاردەكات سەبارەت بەوەی ئایا "نوسین" خوێندنەوەی تێلیك وەردەگرێت یان ئەتێلیك، لێرەدا دەبێت سەرنج لە بەركار بدەین، ئەوسا دەبینیت "نامان" بە شێوەی كۆو نادیاریكراو لە ڕستەكەدا هاتووە، واتە پێمان ناڵێت ئەركی بكەر لە كارەكەی لەسەر نوسینی چەند نامەداكورت دەبێتەوە، بۆیە چەندی بنوسێت دەكرێت بگوترێت كە هێشتا ژمارەیتر ماوەن، بۆیە ئەتێلیكە، بە پێچەوانەوە لە (ب) دا وەسفی بارودۆخ بە پرۆگرێسڤی ئەسپێكت كراوە، بەڵام چونكە بەركار دیاریكراوە، دەبینی ئەوەمان پێدەڵێت كە دوای نوسینی نامەكە كردەوەی نوسی كۆتایی دێت، بۆیە خوێندنەوەی تێلیك وەردەگرێت، كەواتە دەتوانین دوو گرفت دەستنیشانبكەین كە پەیوەندیان بە "مەبەست، سەرەنجام، سنوردیاریكردن، خاڵی كۆتایی و كۆتایی-بارودۆخەوە-" هەیە و لە پێناسەی تایەتمەندیەكانی هەردوو X و Y دا دەردەكەون.

**١.٦.٢.٢ كۆتایی پرۆسەكان:**

دەكرێ ئەوە بگوترێت، كە هەموو پرۆسەیەك كە دێتە كۆتایی، واتە، خاڵی كۆتاییان هەیە. ئەو خاڵی كۆتاییە دەشێت بەهۆی بارودۆخێكی دیاریكراوەوە دیاریبكرێت، وەك ئەوەی كاتێك دەبێت بە كورسی یان دەرگا، ئەو كات خاڵی كۆتایی، بە كۆتایی دروستكردنی كورسی دێتە دیاریكردن. دیاریكردنی خاڵی كوتایی بەڕێگەی تریش دیاریدەكرێت، بۆ نمونە، (Dahl ١٩٧٨:٤ چەند دانەیەك دەستنیشندەكات، لەوانە،

(أ) بە هۆی ئاماژەكردن بۆ ماوە(درێژ)ی پرۆسەكە: "نوسین بۆ ماوەی سێ سەعات". (بە دەستهێنانی مەبەستە)

(ب) بەهۆی ئاماژەكردن بۆ هەندێك پێوانەی تر: "ئەو ترومبێلە ٢٠٠٠٠ میل ڕۆیشتووە". (ئەوەندە بەكارهاتووە)

(ت) ئاماژەكردن بۆ ماوەی پرۆسەكە: "نوسین بۆ سێ سەعات" (تەنها ئەوەندە مەبەستە لەوێدا مەبەست بەدەستدێت)

(پ) خاڵی كۆتایی چاوەڕوانكراو بەهەر دوو لایەنەكەدا، (مەبەستدار كاتێك لەگەڵ ویستی بكەر ڕێكدەكەوێت بەرەو . گوڵ یان چاوەڕوانكراو (بۆ ماستەر دەخوێنێت) (تەواوكردنی ماستەرەكە خەڵی كۆتاییە)

(ج) خاڵی كۆتایی هەقیقی بەدەستهاتوو، واتە كاتێك بكەر بەویستی خۆی دەگات و لە دونیای خەون و چاوەڕوانكراوی دەردەچێت و بەمەبەستدەگات. "بەرەو هەولێر كەوتە ڕێ" خاڵی كۆتایی هەقیقی هەولێرە"

(ح) ئاماژەكردن بۆ خاڵێك لە كاتێكی دیاریكراودا: "نوسین تا سەعات سێ". (لەوێدا مەبەست بەدەست دێت)

لەو حاڵەتانەدا "کۆتایی-بارودۆخ" بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە خودی کردەوەکەوە دیاریناکرێت، کەسەکان ئەوە تێدەگەن و دەزانن کە چەند کات پێویستە بۆ دروستکردنی کورسیەك یان نوسینی نامەیەك لە دونیای هەقیقەتدا تا بوونێکی فیزیکی وەربگرن و بە شێوەیەکی پراکتیکی بەکاربهێنرێن، بەبێ ئەوەی ئاماژەبکەین بۆ ئەوەی کە چۆن نامە و کورسیەکە دێنە وجود، بەڵام سەبارەت بە بەکارهێنانی سەیارەکە (Dahil ۱۹۷۸:۵) باوەڕی وایە کە "ئێمە ناتوانین و تێناگەین ئەوە چی دەگەیەنێت بۆ ترومبێلێك تا میلێکی دیاریکراوی ڕۆیشتنی هەبێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بکەین بۆ پرۆسەی بەکارهێنان و ڕۆیشتنەکەی".

**١.٦.٢.٣ خاڵی کۆتایی خشکەیی و خاڵی کۆتایی هەقیقی:**

لەبەر ڕۆشنایی ئەو نمونانەی سەرەوە (ا بۆ ح) دەتوانین دوو جۆر لە خاڵی کۆتایی جیابکەینەوە، دانەیەکیان وەك خاڵی کۆتایی خشکەیی یان چاوەڕوانکردنی ئەوەی دەویسترێت بەدەستبێت لە ئایندەدا، و خاڵی کۆتایی هەقیقی بەدەست هاتوو، بەو پێیە، لە نێوان دەربڕینە زمانیەکاندا دوو لایەن، بۆ نمونە، "ئاماژەکەرەکانی خاڵی کۆتایی چاوەڕوانکراو" و "ئاماژەکەرەکانی خاڵی کۆتایی هەقیقی" دەبێت بەهەند وەربگیرێن. بۆ نمونە، Dahl (۱۹۷۸:٤) ئەو نمونەیەی لای خوارەوە پێشکەش دەکات:

(١٥) باپیر خەریکی خوێندنە تا پلەی بەکالوریۆس بەدەستبهێنێت. (چاوەڕوانکراو، بۆ سەرەنجامی ویستراو ئەوەی دەویسترێت بەدەست بێت یان نا، بەهەر حاڵ بەدەست هێنانی ماستەر خاڵی کۆتایی و ویستی بکەرە).

(٥ب) باپیر پلەی بەکالۆریۆسی تەواوکرد. (سەرەنجامی هەقیقی بەدەستهاتووە) completed

(١٦) سەرقاڵی سەفەرم بۆ فەرەنسا بۆ دوو مانگ ( ماوە دووری چاوەڕوانکراو کە لەبەرنامەدایە) for two month

(٦ب) سەفەرمکرد بۆ فەرەنسا بۆ دوو مانگ (ماوە دوری هەقیقی مانەوەکە بەکارهات) I traveled

(١٧) دەوەستم تا باپیر دەگەڕێتەوە (دیاریکردنی کۆتایی چاوەڕوانکراو، گەڕانەوەی باپیر خاڵی کۆتاییە) I am staying

(٧ب) وەستام تا باپیر هات. (دیاریکردنی کۆتایی هەقیقی، چیتر وەستان بەردەوام نابێت).

**١.٦.٢.٤ نمونە لە زمانەکانیتردا سەبارەت بە خاڵی کۆتایی:**

دیاریکردنی کۆتایی بارودۆخ لە هەموو زمانەکاندا وەکیەکنین، لە هەندێك زماندا کاریگەری دیاریکەرەکان زیاتر ڕێزمانی و چالاکترن وەك لە زمانێکیتر، ئەوە سەبارەت بە دیاریکەرەکانی خاڵی کۆتای هەقیقی و خاڵی کۆتایی چاوەڕوانکراو، بۆ نمونە، لە زمانی سویدیدا چەند پریپۆزشنێك بەکاردەهێنرێن کە تا ڕادەیەك وەك دیاریکەری چالاك مامەڵە دەکرێن، وەرگێڕانی ١٦ و ٦ب ئاوا دەردەچێت: (Dahil ۱۹۷۸:۵)

(أ) jag reser till Frankrike på två manader "بۆ دوو مانگ سەفەردەکەم بۆ فەرەنسا"چاوەڕوانکراو

(ب) jag reste I Frankrike I två manader "لە دوو مانگدا سەفەرمکرد بۆ فەرەنسا" خاڵیکۆتایی

لە سویدیدا، دەکرێت ڕستەیەك بنیاتبنرێت کە هەردوو جۆری ئاماژەکەرەکانی خاڵی کۆتایی لەخۆبگرێت. دەبینی بەشێوەیەك کە ناتوانرێت وەك ڕستەیەکی نا-نمونەیی ئینکاری لێبکرێت

(ت) han har suttit inne på två år I sex veckor

‘he has been serving for two-years sentence for six weeks.

"بۆ ماوەی دوو ساڵ لە ژورەوە دانیشت لە شەش حەفتەدا"،

دەبینی کە جیاوازی لەنێوان ئاماژەکردنی خاڵی کۆتایی چاوەڕوانکراو و خاڵی کۆتایی هەقیقی هاوتا بە بارودۆخەکان لە نێوان تایبەتمەندیەکانی X و Y دایە (لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕستەیەك دەشێت دانەیەك لەو تایبەتمەندیانەی هەبێت بەبێ هەبوونی ئاماژەکەری خاڵی کۆتایی). ئەو جیاوازیە ئەرکێك لە موناقەشەکەدا دەبینێت. پێویستە تاقیکردنەوەی ڕەفتاریەکان و دووبارەبوونەوەیەك لەبەرچاوبگیرێت کە بۆ تایبەتمەندیەکانی X پێشنیارکراون، ئەو تاقیکردنەوانە لە نوسەرێکەوە بۆ یەکێکیتر وەك یەکنین، بە لای(١٩٧٨:٥) Dahl ەوە دوو لەو تاقیکرنەوانە زۆر گشتگیرن و بە شێوەیەکی بەردەوام دووبارەکراونەوە و باسکراون

### ١.٦.٣ زنجیرەیەك تاقیکردنەوە

### ١.٦.٣.١ تاقیکردنەوەی یەکەم

فرێزی کاریەکان بەبێ تایبەتمەندی X وەك یاسا ماوە کاتی "بۆ-فریزەکان for-phrases" وەردەگرن و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە تا چەند پرۆسەکە درێژدەبێتەوە (تا کەی پرۆسەکە دەخایەنێت، و بەردەوام دەبێت)، بۆ نمونە،

(٩) باپیر بۆ (ماوەی) دوو سەعات نامان دەنوسێت. "نامان وا پیشاندەدات کە بکەر نەگەیوەتە خاڵی کۆتایی دیاریکراو"

فرێزی کاری بە تایبەتمەندی X ەوە ناتوانن لەگەڵ وەها فریزێکدا بێن، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی ئازادانە لەگەڵ "لە-فرێزەکان -in-phrases"، دا دەگونجێن (ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کاتی کردەوەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێدەکرێت). (١٩٨٥:٦-٧) Dahil

(١٠) باپیر لە دوو سەعاتدا نامەیەکی نوسی. (کۆتایی نوسینی نامەیەك لە دوو سەعاتدا، ئەوە خاڵی کۆتایی"

### ١.٦.٣.٢ تاقیکردنەوەی ٢ واگەیاندن

ئەوەش دوو فۆڕم وەردەگرێت، بۆ نمونە- بە شێوێن (١٩٨٧:٩-١٢) Dihil دا

(أ) ف-ن + فرێزی کاری (بە خوێندنەوەی پرۆگرێسفەوە NP is v-ing)

(ب) ف-ن + فرێزی کاری (بە خوێندنەوەی داهاتووەوە NP will have v-d)

ئەوانە لە گەڵ فرێزی کاری نا- X دا دەگونجێن، نەك لەگەڵ فرێزی کاری X ، بۆ نمونە،

(ت) باپیر وا نامان دەنوسێت is writing letters (بەیانی/دواتر) باپیر نامان دەنوسێت --- will have

(پ) باپیر وا نامەیەك دەنوسێت is writing a letter (دواتر باپیر نامەیەك دەنوسێت ... will have written a

ئەو بارودۆخانەی بەهۆی ئەسپێکتی پرۆگرێسفەوە وەسفدەکرێن هەمیشە کراوەن لە بەردەم دوو خوێندنەوەدا، یەکەم نەگەیشتن بە خاڵی کۆتایی لەبەر ئەوەی لەو بارانەدا دەشێت شتێك بێتەناوەوە و کردەوەکە بوەستێنێ و بەلایەکیدا بەرێت پێش ئەوەی بگاتە خاڵی کۆتایی یان خوێندنەوەی گەیشتن بە خاڵی کۆتایی ئەگەر هیچ پێشهاتێك نەیەتە پێشەوە. بە ڕێگەیەکی نمونەیی، ئەو فرێزە کاریانەی کە لە گەڵ پێناسەی تایبەتمەندی X دا دەگونجێن، هەروەها لەگەڵ تاقیکردنەوەی ڕەفتاریشدا دەگونجێن. سەرنج لەو ڕستانەی لای خوارەوە بدە

(ج) کاروانەکە بەرەو شاری کەلار جوڵا.

(ج) وەسفی پرۆسەدەکات، واتە "جوڵان بەرەو شاری کەلار"، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاراستەیە بەرەو مەبەست کە شاری کەلارە، بۆیە ئەوە وەك خاڵی کۆتایی باش-دیاریکراوی چاوەڕوانکراو مامەڵەدەکرێت، هەر کات کاروانەکە (گەر پێشهاتێك نەیەتە ڕێگە ئەوە) بە خاڵی کۆتایی دەگات لە کاتێکی دیاریکراودا، و کەی گەیشت، لەوێ پرۆسەکە لەکاردەکەوێت، بەڵام دواتر چاوەڕواندەکرێت بە مەبەستیتر و بەرەو ئاراستە و شوێنێکیتر هەنگاوبنێت". بۆیە، کردەوەکە تایبەتمەندی X بەخۆوەدەگرێت، بێشك، ئەگەر بمانەوێت تاقیکردنەوەی ڕەفتاری بەخۆوەبگرێت، ڕستەکە دەتوانرێت بە "بۆ-فرێز for-phrase" فراوانبکرێت لە بری فرێزی "لە—فرێز in-phrase".

(ح) بۆ دوو سەعات کاروانەکە بەرە و شاری کەلار جوڵا، (دەشێت بەو دوو سەعاتە نەگاتە شوێنی مەبەست)

بە هەمان شێوە (خ) ڕستەی (د) دەگەیەنێت

(خ) کاروانەکە (وا) بەرەو گردەکانی کەلار دەجوڵێت. (کراوەیە لەنێوان گەیشتن و نەگەیشتن بەخاڵی کۆتایی)

(د) کاروانەکە بەرەو دەشتایی کەلار دەجوڵێت (ئایندەیە، خوێندنەوەی موود زیاتر بەسەریدا زاڵە).

ئەو نمونانەی لە سەرەوە پیشاندران ڕون و ئاشکران، کە دەشێت کەمتر لێڵ و ئاڵۆزبن، و نمونەی گونجاو و ڕوونی فرێزی کاری(ڕستە) دنوێنن کە لەگەڵ پێناسەکەدا گونجاوە، بەڵام لەگەڵ تاقیکردنەوەی ڕەفتاری تایبەتمەندی X سەرکەوتوو نیە، بە واتای ئەوەی (ژ) پلەی چاوەڕوانکراوی کەمە— و لە تاقیکردنەوەدا وەك نمونەی نا- X ڕەفتاردەکات و بۆ-فرێز وەردەگرێت، وەك ئەوەی لە (ر)دا دەتوانین ببینین:

(ژ) باپیر بۆ پلەی بەکالۆریۆس دوو ساڵ خوێندی. "زانیاریمان ناداتێ سەبارەت بەوەی تەواویکردووە یان نا".

(ر) باپیر بۆ پلەی بەکالۆریۆس دوو ساڵ دەخوێنێت. "خوێندنەوەی موود وەردەگرێت و مەرج نیە دەستپێبکات"

دەتوانین ئەوە پێچەوانە بکەینەوە لەگەڵ تەواوکردنی پلەی بەکالۆریۆس، کە "لە-فرێز" وەردەگرێت،

(ز) لە دوو ساڵدا پلەی بەکالۆریۆسی تەواوکرد (خاڵی کۆتایی دیار بەخۆوە دەگرێت).

(س) باپیر (وا) پلەی بەکالۆریۆس تەواودەکات. (کراوەیە لە نێوان دوو خوێندنەوەدا).

(ش) باپیر پلەی بەکالۆریۆس تەواو دەکات. (ئایندە و تەنها لە خەیاڵی قسەکەردایە).

زوربەی زوری ئاماژەکەرەکانی خاڵی کۆتایی، بۆ نمونە، کورسی لە "ف-ك-دروستکردنی کورسی" دەتوانێ وەك ئاماژەکەری خاڵی کۆتایی هەقیقی و خاڵی کۆتایی چاوەڕوانکراو کاربکەن. ئەو فرێزی کاریە بەتایبەت لەو زمانانەدا، بۆ نمونە، زمانی کوردی کە ناتوانێت جیاوازی لەنێوان تێنسی سادە و پرۆگرێسڤدا بکات، دەبینی ئاڵۆزی و نادیاریەك بە دەربڕینەکانەوە دیارە کە دواتر دەبێتە ڕێگر لەبەردەم جیاکردنەوەی X و Y بە شێوەیەکی بێگرفت. زمانەوانەکان بە گشتی هەوڵیانداوە تا ئەو بیرە بدۆزنەوە کە دواتر بە هویەوە بتوانن بەکارهێنانی هەموو ئەو "ف-ك" یانە و نمونەی وەك ئەوان بگرێتەوە و دایپۆشێت، بە دڵنیاییەوە، ئەوانە

سەرکەوتوونەبوون لە بینینی ئەو تاقیکردنەوانانەی پیشنیارکراون، ئەوە دەرهاویشتەی هەڵەی داوە، لەو حاڵەتانەدا کە ئاماژەکەری خاڵی کۆتایی چاوەڕوانکراوی دیار هەن، بۆ نمونە،

(ق) باپیر بۆ پلەی بەکالۆریۆس دەخوێنێ (چاوەڕوانکراو بۆ نمونە، سەرەنجامی ویستراو)

(ك) کاروانەکە بۆ دوو سەعات بەرەو دەشتاییەکانی کەلار جوڵا

لێرەدا ئالۆزی زیاتریش لە پێناسەکاندا هەن، بۆ نمونە، کاتێك دەگوترێت، (پرۆسەیەك دەگاتە خاڵی کۆتایی)، یان "خاڵی کۆتایی تیادا بنیاتدەنرێت"، دەشێ وا لێکبدرێتەوە وەك ئەوەی هاوبەشی دانەیەك یان زیاتری ئەو مەرجانەی لای خوارەوەدا بکات، و لە هەموو بارەکاندا گریمانەی ئەوە دەکەین کە خاڵی کۆتایی t هەیە، بۆ نمونە،

(أ) ئەکەر بە t بگات، پرۆسەکە ناتوانێت چی تر بەردەوام بێت. If t is reached

(ب) بە t دەگات (= ئەگەر شتێکی ناچاوەڕوانکراو نەیەتە ڕێگە)، t will be reached

(ت) بە t دەگات، لە هەموو ئاراستەیەکی ئاسایی چاوەڕوانکراوی ڕوداوەکان.

قبوڵکردنی (t) وا دەکات تایبەتمەندیەکانی X و Y بڕوخێنرێت و تێکبدرێت.

مەرجی (ب) دەشێت ڕستەیەکی وەك (١) و (٢) جیابکاتەوە، بۆ نمونە،

(١) باپیر (وا) خانوو دروست دەکات.

(٢) باپیر هەوڵدەدات تا خانوو دروستبکات.

لەبەر ئەوەی (١) نەك (٢) تاقیکردنەوەی ڕەفتاریەکانی بڕیوە بۆ تایبەمەندیەکانی X هەوڵدەدات تا (٢) لەخۆبگرێت لە پێناسەکردنی ئەو تایبەتمەندیەدا. دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە ئەو هەنگاوە گرفتەکان چارەسەر ناکات کە لەم نامەیەدا موناقەشەکراوە، لەو کاتەوە کە چەند نمونەیەکی گرفتاوی وا دەردەکەوێت کە مەرجی (ب) بەجێبگەیەنێت. بۆ نمونە، "ئەگەر a بەرەو b بجوڵێت، a بەپێی یاسای فیزیکی بێشك دەگات بە b زوو یان درەنگ ئەگەر جوڵانەکە بەهۆی هۆکاری هێزی دەرەکیەوە تێکنەدرێت"(١٩٨٧:١٣) Dahil .

لەگەڵ ئەوەشدا کە بە شێوەیەکی دیار ئەوە بەدیدەکەین کە مەبەستی کوتایی چالاکیەکە بەهۆی فرێزی پرێپۆزیشنیەوە جەختی لەسەردەکرێتەوە و ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەڵام ئەوەی زۆر ڕوننییە ئەوەیە کە ئەو بکەرەی ناویبراوە دانەیەکە وا پێشنیاردەکرێت ئەوە(ی واتراوە) بەجێبگەیەنێت. بە هۆی نمونەی ترەوە ئەوە باشتر ڕوندەکاتەوە، بۆ نمونە،

(أ) Arbetarna byggde <u>på ett hus</u> “lit”. لە زمانی سویدیدا لە Dahil دوە.

(ب) The workers were building <u>at a house</u> = the workers worked <u>on a house</u>

(ت) کرێکارەکان <u>لە سەر</u> خانوویەك کاریان دەکرد.

دەبینی کە (ا) ئەو چاوەڕوانرکردنە بەدوورنازانێت کە کرێکارەکان بە شێوەیەکی کاتی لەوێن و دەبێ لەکاتێکی زودا بەهۆی کرێکاری ترەوە جێگەیان بگیرێتەوە. (Dahi ١٩٨٥:٢٠)

لە هەندێك زمانی تردا سنور لە نێوان تێلیك و ئەتێلیك دیارترە وەك لە زمانێکی تری وەك کوردی، چەند نمونەیەك کە لە (١٩٩٣:١٢) Verkuly وەرگیراوە، دەخەینەڕوو.

- Kirjoitin artikke***lin.*** Wrote-ISG article-ACC “I <u>wrote</u> an/the article (and I finished it من وتارێك/ وتارەکەم نوسی (و تەواوم کرد).

- Kirjoitin artikke**lia** wrote-ISG article-PART 'I wrote/was writing the/an article (but did not necessarily finish it") من وتارێك/وتارەکەم نوسی/دەمنوسی (بەڵام زەرورنەبوو تەواوم بکەم)

ڕستەی تێلیکی بە شێوەیەکی زەروری پێویستی بە تەواوکردنی وتارەکە هەیە، نیشانەی *lin* ئەوە دەردەبڕێت، لە ڕستەی ئەتێلیکیدا ئەوە دەرنەبڕاوە کە ئایا دەبێت وتارەکە تەواوبووبێت یان نا؟ ئەوەش بەهۆی *lia* ئامادەی بۆ کراوە، فۆڕمی تێلیکی پاشگوێخستن، واتە گرنگی پێنەدان دەردەبڕێت، بۆ نمونە، ئەتێلیکی دژی تێلیکی نیە 'Kirjoitin artikke<u>lia</u> ja sain sen valmiiksi وتارێکم دەنوسی-بەش و دواتر تەواوم کرد. ڕاستە ئەوەی کە وەك مەبەست و ئامانج و سەرەنجام لێکدەدرێتەوە بەهۆی دەقەوە بڕیاری لەسەردەدرێت. بۆ نمونە،

- Ammuin karh**um** --- I shot the bear (succeeded) i.e. "I shot the bear dead'' implicit purpose تفەنگم بە ورچەکەوە نا (سەرکەوتم) بۆ نمونە "تفەنگم بە ورچەکەوە نا مرد" مەبەستی شاراوە.
- Muin karh**ua** ---- I shot (towars) the bear '' i.e. " I shot at the bear (but it did not die)

کار هەیە کە تەنها هاوتایە بەیەك تێلیکێتی ئەوەش دەوەستێتە سەر واتای ناوەکیان، ئەو کارانەی بەشین بە شێوەیەکی تەواو ئەتێلیکین، لە پێناسەکەی *Garey* دا، *partative verbs* و بەشێوەیەکی ڕێزمانی ناتەواون تا لە ئەسپێکتی تێلیکیدا دایان بنێی، تەنانەت کارە ئەتێلیکیەکانی بەشێوەیەکی ناوەکی، بۆ نمونە، *rakastaa "to live"* دەتوانێت بەشێوەیەکی سیمانتیکی بنیانی نائاسایی بێت، کاتێك کە جۆرێك لە سەرەنجام هاوبەشیدەکات، دەبێت بە تێلیك.

Han rakastaa. S(he) love-٣SG me-PATR "she/he loves me'.

–

- Han rakastaa Minut kuliaaksi. He /she love-٣SG me-ACC dead-TRANSL
- ''he/she loves me to death''

"تا مردن منی خۆش دەوێت".

زیاتریش لەوە، پێچەوانەی تێلیکێتی دەتوانێت وەك حاڵەتی حوکمکەر ڕەفتاربکات، لەبەر ئەوە گۆڕینی حاڵەتەکە دەبێتە هۆی گۆڕینی تەواوی واتاکە. بۆ نمونە، *nain hanet (I saw him-ACC) "I* بەواتای " من ئەو دەبینم" بەڵام *nain hanta (I saw him-PART* بە واتای "من توشی ئەو بووم (لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر، هەندێکجار، ئێستا و ...) ئەوە بەتەواوی نارێکە).

بەکارهێنانی بەرکاری تێلیك دەشێت بە شێوەیەکی شاراوە ئەوە دەربخات کە ڕوداوەکە لە داهاتوودا ڕوودەدات، بۆ نمونە،

- Luen kirjan. ''I will read the book'' ڕوداوەکە دەتوانێت تەنها لە داهاتوودا تەواو ببێت. من (دواتر) کتێبەکە دەخوێنمەوە".
- Luin kirjan. :I am reading a book''. من کتێبێك دەخوێنمەوە، هیچ ئامازەیەك بۆ کات نەدراوە.

### ١.٦.٣.٣ تاقیکردنەوەی سێ

یەکێ لەو تاقیکردەوانە ئەوەیە کە لە نێوان فرێزی کاری "تێلیك و ئەتێلیك"، دا هەوڵیان داوە فۆرمی چاوگی فرێزی کاری بەکاربهێنن وەك بەرکاری ڕاستەوخۆی تەواوکردن complete و کۆتاییپێهێنان finish کە ئاماژە دەکات بۆ خاڵی سروشتی کۆتایی تەواوبوونی کردەوەیەك/ ئەوە تایبەتە بە کارە تێلیکەکان بەو ڕێکەیەوە بەکاردەهێنرێن. دەپرسین "شەوی ڕابردوو چیتکرد؟" "پینەوپەڕۆی سەقفی خانووەکەم تەواوکرد". ئەوە بەلای زمانەوانەکانەوە "پینەوپەڕۆکردنی سەقفی خانووەکە"، VP تێلیکیە، لەکاتێکدا لە "نۆژەنکردنەوەی سەقفەکە"، دەبینی کە "نۆژەنکردنەوە" ئەتێلیکیە.

(أ) سەعات دە بوو کاتێك نوسینی ڕاپۆرتەکەم تەواوکرد. تەواوکرد خاڵی کۆتایی و تێلیکە.

(ب) سەعات دە بوو نوسینەکەم تەواودەکرد. تەواودەکرد خاڵی کۆتایی نیە، بۆیە ئەتێلیکە "تەواودەکرد-was finishing" نەگونجاوە، پرۆگرێسڤ واتای گەیشتن بەخاڵی کۆتایی نادات، بەڵام "نوسینی ڕاپورت" تێلیکە چونکە تەواوکردن حوکمی نوسینەکە دەکات، ئەوەی کە تەواو دەبێت ڕاپۆرتەکەیە، بەڵام "نوسین" ئەتێلیکە.

## ٢.٠ تێلیك و ئەتێلیك و ئەسپێکت

### ٢.١ تێلێك و ئەتێلیك لە ڕوانگەی جۆری بارودۆخەوە:

ئەسپێکت لە دوو لایەنەوە سەرنجی لێدەدرێت، یەکەم لە گۆشەنیگای باری سەرنجی قسەکەرەوە، کە ئەوە لە زۆر زماندا بەتایبەت لە کوریدا بە ڕێزمانی کراوە *Gramaticalized*، دووەم لە ڕووی جۆری بارودۆخەوە کە ئەوە زیاتر بە زاراوەکراوە، lexicalized و پشت بە زاراوەکانی فەرهەنگ دەبەستێت، وەك لەو دیاگرامەی خوارەوەدا پیشاندراوە، دیاگرامی (٤)




گرنگترین جاوازی لە نێوان ئەو دوو کاتەگۆیەی ئەسپێکتدا ئەوەیە کە لەبەرئەوەی جۆری بارودۆخ پشت بە فەرهەنك دەبەستێت زیاتر لۆجیکی و بابەتیە وەك لە باری سەرنج، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر قسەکەر لەژێر کاریگەری چەند لایەنێکدایە:

(أ) یەکەم بنیاتی سیمانتیکی بەندە زمانیەکان وەك ئەوەی لە فەرهەنگدا بۆی دیارکراوە، بۆ نمونە،

(١) مانگاکە لەقەیەکی لە منداڵەکەدا

لە (١)دا کرداری "لەقەلێدان" لە کوردیدا بەزەرورەت داوای بکەرێك دەکات کە دەبێت ئاژەڵبێت نەك مرۆڤ یان شتێکی بێگیان، لەو بارەوە، کوردی بەشێوەیەکی زۆر ژیرانەتر لە زمانەکانی تری وەك ئینگلیزی و سویدیدا ( کە لە یەکەمدا kicked و لە دووەمدا sparkade بەکاردەهێنن بۆ مرۆڤ و ئاژەڵەکانیش) بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکی واقیعیانەدا دەبات و قسەکەرەکان ملکەچی بنیاتی سیمانتیکی ئەو فۆڕمی تێنسەدەبن، وەسفی وەها بارودۆخێك دەکات کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ واقیعی حاڵدا یەکانگیر دەبێتەوە،

(٢) باپیر <u>یاری</u>دەکات (٣) باپیر خانوو <u>دروست</u>دەکات

لە فۆڕمی تێنسی نا-سادەی "یاریکرد"، بەشی ناکاری "یاری" دەورێکی گەورە دەبینێت سەبارەت بەوەی خوێندنەوەی سەرەجەم کارە-ناسادەکە بەرەو ئەوە ببات کە دەکرێت وەك تێلیك مامەڵەبکرێت یان نا؟ لەبەر ئەوە "یاری" لەو ڕستەیەدا لە دوورونزیك ئاماژەیەك بۆ خاڵی کۆتایی کاری چالاکی "یاریکردن" ناکات، لە (٣) دا بەشی نا-کاری "دروست" هاریکارە لە سەر بڕیاردان سەبارەت بەوەی ئایا بارودۆخی باسکراو خوێندنەوەی تێلیکێتی وەردەگرێت یان نا؟ ئەوەی وترا سەبارەت بە کاریگەری جۆری بارودۆخە لەسەر خوێندنەوەی تێلیك یان ئەتێلیکێتی، دووەم، لە لایەکیترەوە، ئەو دەقەی بەندە زمانیەکانی تێدا بەکار دەهێنرێت، باری سەرنجی کەسی و بکەر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە ناردنی مەبەست لە فۆڕمی ئەسپێکتی پێرپێکتیڤ یان ئیمپێرفێکتیڤدا، لەو ڕووەوە نیشانەکانی "ب-، -ا، -ت، -د، -وو، و –ی" پێماندەڵێن کە فۆڕمی دیاریکراو لە فۆڕمی ئەسپێکتی پێرفێکتدایە، بۆیە ئەو فۆڕمە زیاتر بەلای خوێندنەوەی تێلیکێتیماندا دەبات، لە کاتێکدا نیشانەی (دە-) هەمیشە گەرچی لەسەر قەد یان ڕەگ ڕوبدات فۆڕمی ئیمپێرفێکتیڤێتی پیادەدەکات و خوێندنەوەکەش بەکراوەیی بەجێدێڵێت سەبارەت بەوەی کە سەرەنجامی ڕوداو و بارودۆخەکان دەبێت بارودۆخی تێلیکی یان ئەتێلیکی بەرهەمبێنێت. دیارە لە هەموو بارەکاندا، دەبێ دەق، جۆری پێکهێنەری دەربڕینەکان، ڕیزبونیان، مەبەستی قسەکەر و .. لەبەرچاوبگیرێن:

(١) باپیر کورسیەکی دروستکرد.

(٢) باپیر کورسیەکی دروستدەکرد.

(٣) باپیر کورسیەك دروستدەکات.

(٤) بەیانی کورسیەك دروستدەکەم.

لە (١) ەوە تا (٤) هەموویان باس لە هەمان بارودۆخ، واتە "کورسی دروستکردن"دەکەن، بەڵام بە دوو جۆر بارودۆخی جیاواز، لە (١)دا هەم بەرکار "کورسیەك" و هەم فۆڕمی ئەسپێکتی پێرفێکتیڤ "دروستکرد" ئەوە دەگەیەنن کە ڕستەکە وەسفی بارودۆخی تێلیکی دەکات بە خاڵی کۆتایی دیاریکراوەوە، چونکە سەرجەم بارودۆخی "دروستکردن" وەك دانەیەکی یەکگرتوو لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی بە پێی بنیاتی ناوەکی پێشاندراوە و پێماندەڵێت کە بارودۆخەکە گەیوەتە خاڵی کۆتایی، لە (٢)دا "دروستدەکرد" لە فۆڕمی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤدایە، بۆیە گەیشتنە خاڵی کۆتایی و نەگەیشتنی بەکراوەیی بەجێدەهێڵێت، (٣) وەك تێنسی ڕانەبردوو وەسفی هەقیقەت دەکات، قسەکەر بەشێکە لە خودی بارودۆخەکە و لەناوەوە سەنجی لێدەدات، بەڵام هێشتا دەگرێت بگوترێت دەبێ مەبەستی قسەکەر بەدەست بێت یان نا، (٤) "بەیانی" ئاماژە

بۆ ویست و خواستی قسەکەر لە ئایندەدا دەکات، بۆیە دەشێ لە سنوری خەیاڵ و بیرکردنەوەی قسەکەردا دەرنەچێت بە چاوەڕوانکردنێکی لاوازەوە کە دەبێت مەبەست بەدەستبێت یان نا؟ لەوە زیاتر وەك مۆدال مامەڵە دەکرێت و دەکرێت روداوەکە بکاتە ئامانج یان نا؟ ناڕابردوو زیاتر بیرە وەك لەوەی تێنس بێت گەرچی وەك بیریش بێت لە زماندا زەرورە و ناکرێت دەستبەرداری ببێت[٤]، سەرنج لەو ڕستانەی لای خوارەوە بدە:

(أ) کاروانەکە دەگەیشتە مەنزڵ was arriving

(ب) باپیر ڕایدەکرد was running

(ت) باپیر ڕایکرد بۆ ماڵەوە. Is running to home

لە (ا)دا "گەیشتن" وەك کاری دەسکەوت لە فۆڕمی پرۆگرێسف دایە، بۆیە جۆرێك لە خوێندنەوەی ناوێزەیی دەدات بە دەربڕینەکە، چونکە بنیاتی سیمانتیکی ئەو جۆرە کارانە کەمتر لە فۆڕمی پرۆگرێسفدا دەردەکەون، و مەودایەك بۆ سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی کارە دەستکەوتەکان زۆر بەرتەسکدەبێتەوە بەشێوەیەك کە لەگەڵ خودی ئەسپێکتی پرۆگرێسفدا ناگونجێت، و سەرەنجام ئەوە ناگەیەنێت کە کاروانەکە گەیشتۆتە مەنزڵ، لە (ب)دا بنیاتی سیمانتیکی "ڕایدەکرد" بەتەنها و بەبێ زیادەی زمانیتر لە ڕستەکەدا هیچ ئاماژەیەك نادات سەبارەت بەوەی کە دەبێت مەبەست پێکرابێت یان نا؟، ئەوە یەکێکە لە تایبەتمەندیە کارە چالاکیەکان کە هەمیشە خوێندنەوەی ئەتێلیکی وەردەگرن، (ت) وەك (ب) باسی هەمان بارودۆخ دەکات، بەڵام ئەوەی جیایاندەکاتەوە ئەوەیە کە لە (ب)دا خاڵی کۆتایی بوونییە، بەڵام لە (ت) دا فریزی ئاوەڵکاری "بۆ ماڵەوە" خوێندنەوەی تێلیکی دەدات بە ڕستەکە، چونکە بەگەیشتنە ماڵەوە چالاکیەکە دەگاتە خاڵی کۆتایی دیاریکراو، (ا) لەلایەك و (ب) و (ت) دا لەلایەکەیترەوە جیادەکاتەوە ئەوەیە لە (ا) ناکرێت بگوترێت بکەر گەیشتۆتە مەنزڵ گەرچی مەسافەیەکیشی بڕیبێ، چونکە شوێنی مەبەست خاڵی کۆتاییە، بەڵام لە (ب) و (ت)دا ئەگەر بکەر تەنها ماوەیەکی کەمیش ڕایکردبێت، ناکرێبگوترێت کە ڕاینەکردووە، کەواتە کارەکان لەپاڵ واتای ڕستەوخۆی فۆڕمەکانیانەوە دەبێت بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری هەندێك کار ئاوڕ لە بنیاتی سیمانتیکی واگەیاندنەکانیان (زیمنی) و زیادەی زمانی بدەینەوە. زیاتریش ئەوە لە بەشی-ناکاریدا ڕوودەدات.

### ٢.٢ تێلیك و ئەتێلیك لەبەر ڕۆشنایی بیرەکانی Vendlerدا

کاتێك باس دێتەسەر کاتەگۆری تێلیك و ئەتێلیك دەبێت سەبارەت بە دابەشکردنەکەی زمانەوان Vendler شارەزاییەکمان هەبێت و بەوردی سەرنج لە چەند تایبەتمەندیەکی بارودۆخەکان بدەین، بە واتای ئەوەی ڕوداوەکان پۆلێندەکرێن بۆ دوو جۆر، یەکەم، وەك ئەوەی [+ ماوەدرێژن] یان [- چرکەساتی] بن. ئەو پۆلێنکردنانە لە سەرەنجامی پۆلێنکردنی تێنسەکانەوەیە بەسەر چوارجۆردا، بۆ نمونە، ئەوەی Vendler پێی دەڵێت دەسکەوتەکان achievements کە باس لە ڕوداوی کورتخایەن دەکەن، لەکاتێکدا ئەوەکانیتر وەك "ماوەدرێژی" واتە "+ ماوەدرێژ"، پۆلێندەکرێن، و بریتین لە بارودۆخە جێگیر statives، چالاکی activity و جێبەجێکردنەکان acomplishments. ڕوخسارە سیمانتیکیەکانی [+/- تێلیك] پەیوەستن تەنها بە ڕوداوەکان، چونکە ئەوانە لەگەڵ بارودۆخی ستاتیڤی یەکناگرنەوە، لەبەرئەوەی ڕوداوەکان بنیاتی دیوی ناوەیان هەیە کە دەتوانرێت جیابکرێنەوە لەنێوان "تێلیك" یان "ئەتێلیك"دا.

---

[٤] سەبارەت بە تێنس لە کوردیدا لە باسێکی تایبەتدا بە دورودرێژی لە لایەن نوسەری ئەم باسەوە گەلێل لایەن شیکراونەتەوە، دواتر دەتوانی بگەڕێتەوە سەر ئەو باسانە کە ئێستا لەسەرەی بڵاوکردنەوەدایە.

ڕوداوە تێلیکیەکان بنیاتی سروشتی ناوەکی لەخۆدەگرن، بۆیە لەکاتی گەیشتنیان بە خاڵی کۆتایی ئیتر لەکاردەوەستن و چیدی بەردەوام نابن، لێرەدا خاڵی کۆتایی بارودۆخ و مەبەست و نیەتەکانی قسەکەر دەچنەسەریەك و نوێنەرایەتی هەمان مەبەست دەکەن. ئەوە بەپێچەوانەی بارودۆخ و ڕوداوی ئەتێلیکەکانەوەیە کە خاڵی کۆتایی دیاریکراو بەخۆوە ناگرن و پێش ئەوەی مەبەست و نیەتی قسەکەر بێتەدی لە کاردەکەون. دواتر دەکرێت تایبەتمەندی هەریەك لەو دووانە باسبکرێت:

- چالاکیەکان ,ستەیتیڤەکان، کە خاڵی کۆتایی سروشتی و زیمنی لەخۆناگرن بریتین لە ئەتێلیك.
- بەجێهێنان، دەستکەوتەکان تێلیکن و خاڵیکۆتایی سروشتی لەخۆدەگرن.

لە پۆلێنکردنەکەی Vendler کە لەلایەن (١٩٧٩:٥٤) Dowty ەوە گەشەپێدراوە، و وەرگێراوە لە دیاگرامی (٥ ) پیشاندراوە.

| دەستکەوتەکان | بەجێهێنان | چالاکیەکان | ستەیتیڤەکان |
|---|---|---|---|
| ونکردن | بۆیەکردنی وێنە | ڕاکردن | زانینن |
| دۆزینەوە | دروستکردنی کورسی | پیاسەکردن | باوەڕکردن |
| گەیشتن | بازنە کێشان | مەلەکردن | هەبوون |
| مردن | خوتبە دان | پاڵ پێوەنان | خۆشویستن |
| سەرنجدان | نوسینی نامە | لێخورینی سەیارە | ئارەزوو کردن |
| + تێلیك | + تێلیك | - ئەتێلیك | - ئەتێلیك |

(٢٠٠٤) Rothstein ئاماژە بۆ ئەو تایبەتمەندیانە دەکات وەك ڕوخساری [هەنگاو ± ] لە هەمان کاتدا (١٩٩٣) Verkuyl ئاماژە بۆ ئەو تایبەتمەندیانە دەکات وەك [پرۆسێس ± ] لە هەقیقەتدا بارودۆخە ستەیتیڤ و دەسکەوتەکان پێکهێنەری پرۆسێسیان نیە، لەکاتێکدا چالاکی و بەجێهێنانەکان هەیانە. ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە ستەتیڤەکان بنیاتی ناوەکیان نیە لەکاتێکدا دەسکەوتەکان وا دەبینرێن وەك ئەوەی لە حاڵەتی چرکەساتیدا ڕوودەدەن. ئەو دیاگرامەی خوارەوە لە (١٢ :٢٠٠٤) Rothstein وەرگیراوە هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی دەخاتە ڕوو کە Vendler ئاماژەی بۆکردوون. دیاگرامی (٦)

**تایبەمەندیەکانی پۆلی کارەکان**

| ± تێلیك | ئەتێلیك | ± stages هەنگاوەکان | جۆری بارودۆخ |
|---|---|---|---|
| — | + | — | ستەیتیڤەکان |
| — | + | + | چالاکیەکان |
| + | - | + | بەجێگەیاندنەکان |
| + | - | — | دەسکەوتەکان |

### ٢.٣ چوونەسەریەك و كەڵەكەبوون و ئەندازە دیاریكردن

وەك هەر پێناسەیەك بۆ دیاردەیەكی دیاریكراو، دەبینی كە هەندێك گۆڕانكاری بەسەر پێناسەی باوی پێشبینیكراو بۆ تێلیكێتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هاتووە، مەبەست لەوە ئەوەیە كە پێناسەكە زیاتر فۆرمێكی لۆجیكی لە چوارچێوەی ماتماتیكدا وەرگرتووە، و لە باری سەرنجی زانستی جەبریەوە مامەڵەی لەگەڵدادەكرێت، ئەو هەنگاوە زانستیە لە لایەن *Manfred Krifka.* پێشنیاركراوە. بە شوێن *Krifka*دا كە دەربڕینە تێلیكیەكان وا دیاریدەكات وەك ئەوەی دانەیەكبن، كە ئەندازەیان دیاریكراوە، و ئەتێلیكیەكان دانەیەكن كە دەتوانرێت دیاریبكرێن لە بواری ئاماژەكردنی كەڵەكە بووەوە. بەوپێیە، دەربڕینێكی وەك ''p'' دەتوانرێت پێی بگوترێت كە ئەندازە دیاریكراوە، ئەگەر و تەنها ئەگەر لەگەڵ ئەو واگەیاندنانەی لای خوارەوەدا گونجاو بێت، بۆ نمونە، بۆ بەدەستهێنانی هەر هەڵبژاردەیەك لە X و Y دا. Krifka بەو شێوەیە لەسەر هەڵبژاردەكەی دەڕوات:

ئەگەر X بە هۆی 'p' وە وەسفبكرێت و بە هەمان شێوە بتوانین y بە هۆی 'p' وە وەسفبكەین، پاشان x بەشێكی گونجاوە لە y.

دەكرێت بە هۆی نمونەیەكی وەك هاوشێوەی نمونەكەی Kripka ئەو دیاردەیە لێكبدەینەوە، بۆ نمونە، وایدانێ كە باپیر جارێك لەجارەكان "دووخانوی دروستكردن". دواتر دەبینی كە بەهەر لێكدانەوەیەك بێت، هەر دانەیەك لەو دوو خانوانە ڕوداوێكن كە دەتوانرێت وەك "خانوو دروستكرن-built a house" وەسفبكرێن، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنج لەو كردەوانە بدەین، ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە دەبێت وەك هەقیقەتیش لە دروستكردنی هەر دانەیەك لەو دوو خانوانە لە واقیعی حاڵدا ناتوانرێت وا بیریلێبكەیتەوە و بەخەیاڵی خۆتیدا بهێنی وەك ئەوەی بەشێكی گونجاوی دروستكردنی خانوی دووەم بێت، هەر دانەیەك سەربەخۆیە لە ئەوەكەیتر و وەك یەك مامەڵە ناكرێن. لەبەر ئەوەی "درستكردن" كاری بەجێهێنانە خوێندنەوەی (+ ماوەدرێژ) وەردەگرێت وەك لێكدانەوەیەكی لۆجیكی مامەڵەدەكرێت، بەڵام ناتوانرێت هەمان شت سەبارەت بە بارودۆخە جێگیرەكان بگوترێت، تا ئێرە قسە سەبارەت بە كاری بەجێهێنان كرا، دواتر Kripka بە مەبەستی تەواوكردنی بیرەكە، بە نمونەیەكیتر ئەوە تاقیدەكاتەوە، بۆ نمونە، "پیاسەكردن بەدەوری x دا"، بە واتای "خولانەوە بە بێئامانج و هیوا بە دەوری x دا"، لەبەر ڕۆشنایی ئەم دەربڕینە، دەكرێت قسە لەسەر ئەوە بكەین كە دواتر دەكرێت گریمانەی ئەوە بكەین كە ئەگەر باپیر بجوڵێتەوە بەبێ ئامانج و هیوا بۆ ماوەی دوو كاژێر، پاشان ئەو دوو كاژێرە بەسەر چەندان وەچە-بەشی گونجاو دابەشبكرێت، كە لە چوارچێوەی ئەو دوو سەعاتەدا درێژدەبنەوە لە مەودای كورت كورتدا، بۆ نمونە، دەشێت هەر بەشێك ١٠ دەقیقە بێت، زیاتر یان كەمتر، دواتر پرسیاری ئەوە دەكرێت كە ئایا هەر دانەیەك لەو بەشانە دەتوانرێت وەسف بكرێت وەك بەشێك لە "خولانەوە بەبێئامانج و مەبەست". واتە وەك بەشێك لەسەرجەم خولانەوەكە كە ٢ كاژێر بەردەوامدەبێت؟، مادام ئەو دوو كاژێرە یە شێوەیەكی یەكسان بە سەر بەشی بچوكدا، بۆ نمونە، ١٠ یان ٢٠ چركەیی دابەشكراوە، كەدەكرێت باپیر وچان بە وچان ئەو ماوەیە بەو شێوەیە بەسەر ببات لە خولانەوەكەیدا، بێشك هەر یەك لەو دانانە وا دەبینرێت یان دەكرێت وا وەسفبكرێت وەك ئەوەی بەشێكی لێكجیانەبووەوە بێت لە "خولانەوە بەبێ هیواو و ئامانج بەدەوری x دا"، بەو جۆرە، بۆ "خولانەوە بەشێوەیەكی بێهیودەیی"، لەو بارانەدا دەبێت هەڵبژاردنی زۆری x و y هەبێت، واتە بتوانرێت بە ئارەزوو ئەو

دوو دانانە هەڵبژێریت، بۆ نمونـە، دەتوانرێـت هـەردووکیان وەك "خولانـەوە بـەبێ ئامـانج" وەسـفبکرێن، واتـە هەردانەیك بگریت لەو بەشانە دانەیەکی تەواوکەری سـەرجەم لـە بـارودۆخی سوڕانەوەکەن و بـە هـەموویان ٢ کاژێرەکە پێکدەهێنن و ئەگەر یەکێك لەو دانە بچوکانە لە سەرجەم ماوەی خولانەوەکە لابەری ناتـەواو دەبێـت و ٢ کاژێرەکە تەواو ناکات، لەو کاتەدا کە x بەشێکی گونجاوی y یە، لێرەوە، "خانوو دروستکردن" بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان وەك تێلیك دیاریدەکرێت و "خولانەوە بەبێهیوا" وەك ئەتێلیك لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسـەیەی کرا. هەر کات کـردەوەی دروسـتکردن گەیشـتە خـاڵی کۆتـایی چـیتر بارودۆخەکـە بـەردەوام نابێـت، لـە کاتێکـدا "خولانەوە بەبێ هودە و بە بێئامانج" خاڵی کۆتایی بـەخۆوە ناگرێـت، کەواتـە ئەنـدازە دیـاریکردن دەتوانرێـت هەروەها لە پێناسەکردنی ئەو "ناوانەی دەبژێردرێن" دا بەکاربهێنرێن.

دەربڕینێکی وەك 'p' وا دەگوترێت یان لەبەرچاودەگیرێت وەك ئەوەی ئاماژەکردنی کەڵەکەبوونیان هـەبێت ئەگەر و تەنها ئەگەر، بۆ هەر هەڵبژاردنێکی x و y ئەوانەی خوارەوە بە شێوەیەکی خشکەی لەخۆبگرێت: بۆ نمونە،

یەکەم: ئەگەر x بتوانرێت وەك 'p' وەسفبکرێت و هەروەها y وەك 'p' وەسفبکرێت، پاشـان سـەرجەم پارچـە گونجاوەکانی x و y دەتوانرێت وەك 'p' وەسفدەکرێن.

نمونـەی لـەو جـۆرە زۆرن: بـۆ نمونـە، ئەگـەر لێـرەدا ڕوداوێکـی وەك (ا) "بـاپیر دەخولێتـەوە یـان ڕادەکـات" وەربگرین، "لە سەعات ١ی دووای نیـوەڕۆوە بـۆ ٢ی دووانیـوڕۆ (وەك بەشـی یەکـەم) و ڕوداوێکـیتر وەك (ب) لـە "خولانەوەکەی یان ڕاکردنەکەی" لە ٢ی دوانیوەڕۆوە بۆ ٣ی دووانیوەڕۆ، (وەك بەشی دووەم) پاشان لێـرەدا، بـە زەرورەت، سێیەم ڕوداو کـە بریتیـە لـە کـۆی ڕوداوی (ا) و (ب)، کـە ڕوداوی خولانـەوە و ڕاکردنەکـەن، ئـەوە بـۆ دەربڕینێکی وەك "دروستکردنی خانوویەك" ناگونجێ، ئەگەر باپیر خانوویەك دروستبکات لە کاتی ١ بۆ کاتی ٢، و پاشان خانوویەکی تر دروست بکات لە کاتی ٢ بۆ ٣، پاشـان کـۆی ئـەو دوو ڕوداوە کـە پێکـدێت (لـە کـاتی ١ بـۆ کـاتی ٣) ڕوداوێـك نیـە کـە بتوانرێـت بـە هـۆی "دروسـتکردنی خـانووەوە" وەسـفبکرێن. کەڵەکـەبوون Cumulativity دەتوانرێت هەروەها لە دیاریکردنی ناوە قەبارەیـەکان (کـە نابـژێردرێن!)دا بـەکاربهێنرێن. و لە دیاریکردنی جیاوازی لـە نێـوان پریپۆزیشـنەکانی وەك " بـۆ to X = X" و "بـەرەو toward X = X"، بـۆ نمونە، "بەرەو" ئاماژەکردنی کەڵەکەبوون-cumulative ی هەیە بۆ ڕێباز و ڕێچکەکان لە کاتێکدا "بـۆ" ئـەو تایبەتمەندیەی نیە.

### ٢.٤ گونجاوێتی دەربڕینەکان و هاوتا بوون بە خوێندنەوەی لۆجیکی تێلیك و ئەتێلیك

(أ) باپیر بۆ ماوەی سەعتێك سێویکی خوارد.

(ب) باپیر لە سەعاتێکدا سێوێکی خوارد.

(ت) باپیر بۆ ماوەی سەعاتێك سێوی خواردن.

(پ) باپیر لە سەعاتێکدا سێوی خواردن.

(ج) باپیر بۆ ماوەی سەعاتێك نانی خوارد

(ح) باپیر لە سەعاتێکدا نانی خوارد

له (۱)دا دوو لێكدانەوە هەڵدەگرێت، باپیر بەشێوەیەكی دووبارەوە بوو سێوی خواردووە، یان باپیر بە درێژایی سەعاتێك یەك سێوی خواردووە، كەواتە (۱) خوێندنەوەی چركەساتی وەرناگیرێت، ئەوە وادەكات كە بیر لە دووبارە بوونەوە یان درێژكردنەوەی بكرێتەوە، لێرەدا، بە هۆی ڕەمزێكی وەك "۱ + ۱" لە "ت، ج، ح" جەخت لەسەر ئەوە دەكرێتەوە كە خوێندنەوەی ئاسایی گونجاوە، (ت) هاوتایە بە ڕستەیەكی وەك "باپیر سەندەویچان دەخوات"، واتە سەبارەت بە خواردنێك ڕاپۆرتدەدات، كە وەك پرۆسەیەكی ناسنوردار بەردەوام دەبێت، چەندێتیەكە نادیارە، دەكرێت هەمان شت بۆ "ج" بگوترێت، لەكاتێكدا "ح" ڕاپۆرت سەبارەت بە بارودۆخ دەدات تەنها وەك "باپیر نان دەخوات". دەشێت وابیربكرێتەوە كە ڕستەیەكی وەك "باپیر سێوێكی خوارد"، لەگەڵ "لەسەعاتێكدا" پێكەوە گونجاون، لەلایەكی ترەوە،"پ، ج، و ح" نیشانەی پرسیار بەخۆوەدەگرن تا بزانین ڕادەی خواردن گەیوەتە كوێ.

### ٢.٤.١ ئەسپێكتی ناوەكی و دەرەكی

(۱) باپیر سەندەویچێكی خوارد

(٢) باپیر سەندەویچان دەخوارد

(٣) باپیر سەندەویچی نەخوارد

گرنگترین جیاوازی ئەسپێكتی لەنێوان "۱" و "٢-٣"دا ئەوەیە كە ڕستەی ۱ پێیدەگوترێت terminative واتە كۆتایی پێهاتوو، لەكاتێكدا ٢-٣ پێیان دەوترێت ماوەدرێژی و بەردەوامی. ئەگەر بنیاتی سیمانتیكی ئەسپێكتی تێنسێكی دیاریكراو لە خودی خۆیدا واتای ماوەدرێژی هەڵنەگرتبوو، دواتر، ماوەدرێژی ناگەیەنێ چونكە ڕۆڵی بنیاتی سیمانتیكی ئاوەڵكارەكانی كاتی لە ڕۆڵی بنیاتی ئەسپێكتی جیاوازن. (١٩٧٦:١٥٠) Vet لە Verkuly (١٩٩٣:١٢)ەوە، بۆ نمونە، ئەوەی دیاریكردووە كە "تاقیكردنەوەی-بۆ سەعات(ێك)" دەشێت لە "٣" و "٤"دا بەردەوام بێت.

(٣) ڕۆژێكی تەواو (بۆ چەند سەعاتێك).باپیر سەندەویچی خواردن.

(٤) ڕۆژێكی تەواو (بۆ چەند سەعاتێك) باپیر سەندەویچێكی خوارد.

(٣) دووبارەبوونەوەی ئەسپێكتی دەردەبڕێت، ئەگەر كەسێك ناچاركرابێت ڕستەی (٣) لێكبداتەوە، ئەوە سنورداردەكرێت تا بڵێت بۆ ماوەی بیست و چوار سەعات، و هەندێك ماوەی نا- زنجیرەیی بۆ چەند سەعات درێژدەبێتەوە. بەو جۆرە كاریگەری بەكارهێنانی "بۆ چەند سەعاتێك"، لە گەڵ (٤)دا وا دەردەكەوێت كە ڕوداو توانای پێوانەی قەبارەیی هەیە و سنوردار بەرهەمدێنن، بۆ نمونە، "باپیر سەندەویچان دەخوات بۆ چەند سەعاتێك"، ڕستەی ٤ چاوەڕوانكردنی هەبوونی وەها ڕوداوێك ناهێڵێت. بە لای Vet٧ ەوە ئەوەی لێرەدا دەردەكەوێت ئەوە پیشاندەدات كە ڕستەی "باپیر سەندەویچان دەخوات بۆ چەند سەهاتێك"، وا مامەڵەدەكرێت وەك ئەوەی كۆتاییداربێت، "ڕۆژێكی تەواو"، دەبێت بە ئاوەڵكاری ماوەدرێژ و لەسەر ئەوە بەكاردەهێنرێت. جیاوازی لە نێوان "باپیر بۆ ماوەی سەعاتێك سەندەویچی خواردن"، و "باپیر بۆ چەند سەعاتێك سەندەویچێكی خوارد"، تەنها وەك ئەو جیاوازیەی لە نێوان (۱) "باپیر سەندەویچێكی خوارد"، و (٢) "باپیر چەند سەندەویچێكی خواردن"،دا دەردەكەوێت، پێشنیاری بەهێز ئەوەیە كە تیۆری ئەسپێكتی دەبێت جیاوازی بكات لەنێوان ئاستەكانی ئەسپێكتیدا: ئاستی ئەسپێكتی (۱) جیاوازە لە ئاستی ئەسپێكتی ڕستەكانیتر.

### ٢.٤.٢ دیاریکردنی بیری پەیوەندیدار بە تەواوبوونی گەیشتنە ئەنجامێتی

لە زوربەی گفتوگۆکانی سەبارەت بە ئەسپێکت پەیوەستە بە سیمانتیکی کاتەگۆریەکان کە لە کارەکاندا جێبەجێدەکرێت، ئەو موناقەشەیە کە لەسەر "ف-کاری وەك " نوسینی نامە" و "ف-کاری" دیکەی وەك "نوسینی نامەیەك"دا کورت دەبێتەوە، مێژوی ئەو موناقەشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەرستۆوە و لە لایەن (سوقرات) پشەوە باسکراوە، دەشێت لێرەوە کەسێك ئەو بیرەی بەدڵ نەبێت کە دانە پاڵی (هەبوونی) خاڵی خۆتایی بە تێلیکێتی و نەبوونی ئەو خاڵە بە ئەتێلیکێتیەوە زۆر گونجاوبێت، هەروەها زۆر لە زمانەوانەکان وا بیردەکەنەوە کە ستەیتیڤەکان ئاماژە بۆ ئەو بارودۆخانە دەکەن کە خاڵی کۆتاییان نیە، و لەگەڵ ئەسپێکتی پرۆگرێسڤیشدا ناگونجێن. ئەوە ناکرێت وەك هەقیقەتێکی موتڵەق وەربگیرێت، چونکە ئەوە جێگەی ڕەخنە لەسەر گرتنە، و دیارترین ڕەخنەیەکیش لەسەر ئەو پێناسە و بۆچونانە، ئەوەیە، کە جەخت لەسەر هەبوون و نەبوونی خاڵی کۆتایی دەکەنەوە، ئەوەی هەقیقەتە ئەوەیە کە هەر ڕوداو یان بارودۆخێك تەنانەت جێگیرەکانیش لە دونیای ئاساییدا وا دەبینرێن وەك ئەوەی چۆن دەستیانپێکردووە، ئاواش کۆتایی پێدێت لە هەندێك خاڵدا، و لە باروزروفێکی دیاریکراودا، بێجگە لەو ستەیتیڤانەی کە جەخت لەسەر هەبوونی کەونی "*the existence of the universe*" دەکەنەوە، واتە ئەوانەی کە بارودۆخی هەمیشەیین، بۆ نمونە، "باوەڕبوون بە خوا"، "ساردی زستان، و "جوانی مانگ"، و "بەرزی کێوی پیرەمەگرون"، کە بارودۆخی ستاتیقی کەونین، زەحمەتە خاڵی کۆتاییەکانیان پێشبینی بکرێت، لە لایەکیترەوە، دەبینی هەندێك بارودۆخی ستەیتیڤێر لەو خوێندنەوەیە بەدەرن، بۆ نمونە، "ئازاد توڕەبوو" ناکرێت "توڕەبوونی ئازاد" کە وەك بارودۆخی ستەیتیڤی مامەڵەدەکرێت، وەك بارودۆخێکی هەمیشەیی مامەڵەی لەگدا بکرێت، کەواتە زوربەی زۆری بارودۆخە جێگیرەکان، هەر وەك چۆن هۆکار و سەرەتای دیاریکراویان هەیە، ئاواش دەکرێت لە کات و بارودۆخێکی دیاریکراودا کۆتاییان بێت، هەمان گرفت سەرهەڵدەدات لەگەڵ بیری ئەو ناوە قەبارەییانەی *mass noun* کە ئاماژە دەکەن بۆ ئەو شتانەی ناتوانرێت ببڕێردرێن"، بەو جۆرە، هەوڵدانی هەنووکەیی سەبارەت بە کارکردن تا بیرەکە ئاشکرابێت جەخت لەسەر ئەوە ڕێگایە دەکاتەوە کە دەربڕینە تێلیکیەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، یان بارودۆح و ڕوداو پێشکەشبکەن، دەکرێت، ئێمە پێناسەی کارە تێلیکی و فرێزی کاریەکان بکەین وەك ئەوەی ئاماژە بۆ ئەو ڕوداوانە دەکەن کە بەبیرکراون یان وا پێشکەشکراون وەك ئەوەی خاڵی کۆتاییان هەبێت، و کارە ئەتێلیکیەکان و فرێزی کاریەکان وەك ئەوەی بەبیرکراون یان نوێنراون و خاڵی کۆتایی بەخۆوەناگرن. ئەو جۆرە لە ڕاهێنانە دەتوانێت وەك بیرهێنەرەوەی بێئەنجامێتی هەوڵدان سەبارەت بە بەستنەوەی زانستی سیمانتیکی زمانی بە دونیای هەقیقەت کار بکات، بەبێ ئەوەی ناوگیری کۆزانینی(زانیاری) هێزی(بکەری) مەردوم لەبەرچاوبگیرێت.

### ٢.٤.٣ تێلیکیەتی وەك ئەسپێکت Telicity as an aspect

تێلیکێتی وەك ئەسپێکتی ڕێزمانی لەبەرچاودەگیرێت، ئاماژەدەکات بۆ ئامانجی بەدەستهاتوو یان تەواوبوونی کردەوەیەك وەك ئەوەی پلانی بۆ دانراوە،. هەندێك زمان جیاوازی ڕوداوی تێلیك و نا-تێلیکیان هەیە، وەك زمانەکانی پیراها، فینیك، فنلەندی و ئەستۆنە، و ... هەروەها ئەوانە پێشگری پێرفێکیان هەیە بۆ نمونە -pre and meg- کە ئەسپێکتی زیادەیە. لە زمانی فنلەندیدا دا تێلیکێتی نیشانەیەکی ئیجباریە، لەسەر بەرکار، حاڵەتی بەرکاری تێلیکە و partative بەکاردەهێنرێت تاکو ئەتێلیکێتی دەربڕێت، زۆر بەدیقەتر، حاڵەتی

بــەرکاری بــەکاردەهێنرێت کــە بــە تــەواوی لــە لایــەن قســەکەرەوە کاریگــەری لەســەرکرێ و وەك تێلیــك مامەڵەدەکرێن، لە کاتێکدا ئەگەر بەرکار بە شێوەیەکی کەرتی لەلایەن قسەکەرەوە کاریگەری لەسەرکرابوو، ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەتێلیکێتی، یان کاتێك کە بارودۆخەکە چوارچێوەکرا is framed بەو جۆرە بەرکارەکە بەردەوام کاریتێکراوە affected لەدەرەوەی خۆیەوە. زاراوەی تێلیك و ئەتێلیك بە شێوەیەکی تەقلیدی لە فنلەندیدا لە ڕێزمانی وەسفیدا بەکارنەهاتووە، لەبری ئەوە، بەشێوەیەکی بڕیارلەسەردراو بۆ قسەکردنی سەرەنجامی و ناسەرەنجامی ڕستەکانە. لە کوردیدا، ئەسپێکتی پێرفێکتیف بەبێ زیادەی زمانیتر کە بتوانێت خوێندنەوەیەکی لاوەکی بۆ پێرفێکتیڤەکە دروستبکات، ئەوە سەرنجامی بارودۆخی تێلیکی بەدەستدەهێنێت، لەکاتێکدا ئەسپێکتی پێرفێکتیڤێتی زیاتر لە ژێرکاریگەری دەقیدایە وەك لە پێرفێکتیف، بۆیە دەتوانرێت وا بنوێنرێت وەك ئەوە کراوەبێت لەبەردەم هەردوو خوێندنەوکان. دیاگرام (٧)




## ٢.٤.٤ واتای کارە فەرهەنگیەکان و تێلیکێتی verb meaning and telicity

تێلیکێتی پشت بە دوو لایەن دەبەستێت، یەکەم، بنیاتی سیمانتیکی کارەکە، و دووەم، ڕەگەزی کلۆزەکە، لێرەدا دەکرێت پرسیاری ئەوە بکرێت، کە ئایا ئەو پشتبەستنە بەتەواوی(ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ) لەواتای کارەکەدا پێشکەشکراوە. بۆ ئەو مەبەستە بەراوردێکی ورد لە نێوان پێکهاتەی سیمانتیکی و ڕەفتاری دوو فۆڕمی تێنس

دەکەین، بۆ نمونە، سەیرکردن /watch و خواردن eat ، وەك گچکەترین جوتە، لەوەدا کە تاکە ڕەگەزێك کە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕستەیەدا دەکات ئەوە کارەکەیە.

(١) سەیری ماسیەکەم کرد ⟵"سەیرکردن" بەبێ زیادەی زمانیتری وەك (تا سەعات ٦) ئەتێلیك و چالاکیە

(٢) ماسیەکەم خوارد ⟵بنیاتی سیمانتیکی "خوارد" بەرکاری ڕاستەوخۆ دەخوازێت، بۆیە تێلیك و بەجێهێنانە

لە هەردوو ڕستەکانی سەرەوەدا بە شێوەیەکی لۆجیکی بنیاتی سیمانتیکی کارەکانی "چاودێریکردن و خواردن" بەرپرسن لە بە تێکلیك یان ئەتێلیك بوون، تێنسی "چاودێریکردن" بە پێی بنیات و پێکهێنەری واتا و سیمانتیکیەکەی بارودۆخی ئەتێلیکی پێشکەشدەکات. تۆ چەند سەرنج یان تەماشای ماسیەك بکەیت بەبێ مەبەستی دیاریکراو بێ سەرەنجامە، دیارە ئەوە بەبێ زیادەی زمانیتر، لە لایەکی ترەوە، بڕیارێکی وەها بەتەواوی موتڵەق نیە، چونکە لەپاڵ بنیاتی سیمانتیکی کارەکە، زۆر لە پێکهێنەریتری دەربڕین و نیەت و مەبەستی قسەکەر دووبارە هۆکارن لە گۆڕینی خوێندنەوەی ئەتێلیك بۆ تێلیك، بۆ نمونە، "چاودێری منداڵەکەم کرد تا دایکی هاتەوە"، لێرە هاتنەوەی دایکی خاڵی کۆتایی چاودێریکردنە گەرچی بە شێوەیەکی لاواز، چونکە لە کرۆکدا کارەکە لەگەڵ خۆی خوێندنەوەی ئەتێلیکی هەڵگرتووە.

(٣) فلیمێکم بینی (تێلیك- بەجێهێنان)بڕیار

لە زۆربەی بارودۆخەکاندا، دوولایەنی لە نزیکەوە ناوبەند پەیوند سەبارەت بە پێشبینی پێش وەقتی تێلیك بوون و نەبوونی بارودۆخێك، بریتیە لە نواندنی فۆڕمی تێنسێکی بە سروشت تێپەر و بەرکاری ڕاستەوخۆی تاك و ناسراو، بۆ نمونە، "سەیرکردن"، وەك ئەتێلیك و "خواردن" وەك تێلیك لە ڕستەی (١) و (٢)دا، لە (٢)دا ئەرگیومێنتەکان وا دەبینرێن وەك ئەوەی چوبنەسەریەك، واتە چونیەکن، کە دەشێت ئەوە دووربێت لە ڕاستی، کاتێك کەسێك ماسی، مریشك یان هەرشتێکیتر دەخوات، واتای وایە کە لەشی فیزیکی ئەوانە دەخوات، کە دواتر ئەو گیانلەبەرانە لە وجوددا نامێنن، ئەوە بە پێچەوانەی "سەیرکردنە" کە کاریگەری پرۆسەی "سەیرکردن" ناگوازریتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی ماسیەکە، بۆیە چەندی کردەی سەیرکردن درێژبێتەوە بەبێ زیادەی زمانیتر، پرۆسەکە بێ سەرەنجامە، چونکە "سەیرکردن" بە (خوێندنەوەی ستەیتیڤی) و بەبێ حزوری ماسیەکە تەماشاکردن ڕونادات، کەواتە بڕیاری لۆجیکی لەسەر ئەوەی کە ئایا تەماشاکردن تێلیکە یان ئەتێلیك، زەحمەتە، و بنیاتی سیمانتیکی تەماشاکردن ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەرگیومێنتی بارودۆخی هەیە و چالاکی تەماشاکردن هاوتان. تێلیکێتی بە واتای وردی وشە و بەشێوەیکی ڕون و ئاشکرا تایبەتمەندیەکی ئەسپێکتیە کە بە تەواوی یان تەنانەت بە شێوەیەکی سەرەتایی فەرهەنگی نییە.

**٣.٠ تێلیك و ئەتێلیك و ئاوەڵکارە کاتیەکان**

ڕەفتاری ئاوەڵکارەکان سەبارەت بە هاوبەشیکردنیان لەسەر بڕیاردان کە بارودۆخێك دەبێت خوێندنەوەی تێلیکی وەربگرێت یان نا، چونیەك نین، بەکورتی بۆ هەرجۆرێك لەو ئاوەڵکارانە بە شوێن Bertinetto et al (٢٠٠٠: ١٩٦-٢٢٢) دا لەخوارەوە نمونەیەك پێشکەشدەکەین.

### ٣.١ ئاوەڵکارەکانی جۆری یەکەم

#### ٣.١.١ تا tx = تا کاتی x

ئەو ئاوەڵکارانە تایبەتمەندی ماوەدووری لەخۆدەگرن، واتە ئەو کردەوانەی لەگەڵ ئەو جۆرە ئاوەڵکارانە دەگونجێن ماوەیەکی دورودرێژ دەخایەنن، و مەیلی ئەو ئاوەڵکارانەش دەشێ لەچەند خاڵێکدا کورت بکرێتەوە، (ا) ئەوانە بەشێوەیەکی کردەوەیی ئەتێلیکن، واتە کەمتر لەگەڵ کارە تێلیکیەگاندا دەگونجێن، و بەشێوەیەکی ئەسپێکتی کۆتاییپێهێنە، کە بەبێ ئەوانە لەگەڵ کارە تێلیکەکاندا ڕێکناکەون، کاتێك کارە بەجێهێنانەکان لەگەڵ ئەو جۆرە ئاوەڵکارانەدا دێن، ئەوکات دەبینی خوێندنەوەی تێلیکێتی لەدەستدەدەن، واتە چیتر ئاماژە بۆ بارودۆخی تێلیکی ناکەن، ئەوە "بێجگە لەوەی کە تێلیکێتی بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشتی کارەکە، (یان بە شێوەیەکی زۆر ڕاستتر هی فەکاری) وەك لە گەڵ کارە دەستکەوتەکانی وەك "پەککەوتن"، "قوتدان"، "چارەسەرکردنی کێشە" و هەروەها، کارە دەستکەوتەکان لەگەڵ ئاوەڵکارەکانی لە جۆری "تا کاتی X" دا ناگونجێن، بۆ نمونە، ناگوترێت "ئازاد تا کاتی x کلیلەکەی دۆزیەوە"، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو جۆرە کارانە زیاتر لەگەڵ ئاوەڵکاری کورتخایەندا دەگونجێن، بێشك لە زۆر باردا کارە بەجێهێنانەکان و دەستکەوتەکان نیشانەی(+ تێلیك)ن، ئەوە لە باری سەرنجی ئەسپێکتەوەیە، کەواتە ئەو کارانەی وا دەبینرێن وەك ئەوەی کۆتاییپێهێنبن، لەگەڵ ئەو ئاوەڵکارانەدا گونجاون، بۆ نمونە،

(ا) باپیر تا سەعات ٦ ڕایکرد "ئەتێلیك و کۆتایی پێهێن و پێرفێکتیڤە".

(٢) باپیر تا سەعات ٦ دەرگاکاکانی بۆیەدەکردن کۆتایی پێنەهێنە کراوەیە سەبارەت بەوەی ئایا کارەکە تەواو بووە یان نا.

لە (٢)دا نمونەی ئیمپێرفێکتیڤ پیشاندراوە، بە واتای ئەوەی جەخت لەسەر نەریت کراوەتەوە، ئەوە لەخۆیدا ئاماژەیە بەوەی کە ئیمێرفێتیڤ و لە پاڵیدا واتای نەریتی جەخت لەسەر دووبارەبوونەوە دەکەنەوە، بە پێچەوانەی سروشتی بناغەی ئەو ئاوەڵکارانە دەوەستنەوە، لەلایەکی ترەوە "فیچەرە نمونەییەکانی ئەسپێکتی نەریتی ڕێگە بە ئاوەڵکارە کۆتاییپێنەرەکان دەدات مادام لە ئەوانەدا هەردانەیەکی تاکی ڕوداوەکە لەبری هەموو ڕوداوەکە دەگۆڕدرێت"، (Bertinetto et al ٢٠٠٠:١٩٦)، ئاسایی نەریت جەخت لەسەر هەر ڕوداوێکی تاك دەکاتەوە کە دەشێ بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دووبارەبێتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەو ئاوەڵکارانەدا ناگونجێن. ڕونتر واتای کرۆکی نەریتی ئەسپێکتی دەکەوێتە سەر تەواونەبوونی سەرەجەم ژمارەی ڕوداوەکان، لەبری دیاریکردنی ماوەدرێژی هەر ڕوداوێك: (هەمان سەرچاوە)

(٤) هەموو چوارشەممەیەك باپیر سەری لەدایکیدەدا.

لەو ڕستەیەدا زانیاریمان نیە سەبارەت بەوەی کردەوەی "سەردانەکە" گەیوەتە کۆتایی یان هەر بەردەوامە، ئەوە پشت بەوە دەبەستێت کە ژمارەی پێکهێنەری هەموو ڕوداوەکە نادیاریکراون، چونکە ژمارەی چوار شەممەکان دیارنین، ئاوەڵکاری "تا کاتی X" لە ڕستەکانی سەرەوەدا ئاماژە بۆ ڕوداوی تاك دەکەنەوە، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بارودۆخەکە بەردەوام دەبێت تا کاتی دیاریکراو کە سەعات شەشە. ئەو ڕستانەی خوارەوە زیاتر ڕۆڵی "تا کاتی X" ڕوندەکەنەوە.

(أ) تێلیك و كۆتاییپێهێنەر

نازدار تا سەعات چوار دانسیکرد

(ب) ئەتێلیك، کوتایی پێنەهێنەر

(؟؟) نازدار تا سەعات چوار دانسیدەکرد.

(ت) بەتێلیككراو، كۆتایی پێهێنەر

نازدار تا سەعات چوار دیوارەکەی بۆیەکرد.

(پ) بەتێلیككراو، كۆتایی پێنەهێنەر

(ج) (؟؟) نازدار تا سەعات چوار دیوارەکەی بۆیە دەکرد.

نیشانەی پرسیارەکان کە لە "ب" و "پ" دا هاتوون بۆ پرۆگرێسڤی کوردی و تەنانەت ئینگلیزیش ڕێگە بە خوێندنەوەی پێشبینی یان ئاماژەکردنی کاتی داهاتوو دەدات، واتە بەردەوامی ڕوداوو چالاکیەکان تەنانەت دوای کاتی ئاماژە بۆکراویشەوە، (ئەوە بەلای (٢٠٠: ١٩٥-٢١٢) Bertinetto et al ەوە وا لێکدەدرێتەوە وەك داهاتوو-لە-ڕابردوو-دا) کە ڕستەکان وەك ڕێزمانی مامەڵەدەکرێن، ئەوە جۆریکە لە مەیل و ئارەزووی ئەو ئاوەڵکارانەی بەکارهاتوون، و بەهای ئەسپێکتی دەگۆڕن بۆ کۆتاییپێهێنەر، واتە "تا کاتی tx"چیتر ڕێگە بەبەردەوامی باروخەکە نادەن تا خوێندنەوەی ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤی وەربگرن. بەشێك لەو درێژەپێدانەی تایبەت بەخودی ئەو ئاوەڵکارانە، پەیوەندی بە تایبەتمەندی دیاریکراوی پرۆگرێسڤی زمانی کوردیەوە هەیە، هەندێك جار بەپێچەوانەی ئینگلیزیەوە دەوەستێتەوە لەوەدا کە لە کوردیدا پرۆگرێسڤ ئەگەر ڕستەی ناسەرەکی لەگەڵ نەیەت، ئەوە واتای نەریت دەدات. بەلای (١٩٦ :٢٠٠) Bertinetto et al ەوە هەمان کردەوەیی و ئەسپێکتی لە زمانی ئیتالی و زمانە ڕۆمانیەکانیشدا دەگونجێت. بەچەند تایبەتمەندیەکی زیادەوە، ئەوەش ئەوەیە کە ئیمپێرفێکت لەو دەقانەدا لەگەڵ واتای نەریتدا دەگونجێن. ئەوە دەشێت پێچەوانەی سروشتی بنچینەیی کۆتایی پێهێنەری ئەو ئاوەڵکارەبێت. (١٩٦ :٢٠٠) Bertinetto et al لێکدانەوەیەکی دروستی بۆ ئەو ڕەفتارە هەیە و دەڵێت ئەوە لە هەقیقەتدا وانیە، چونکە، "یەکێك لە فیچەرە نمونەییەکانی ئەسپێکتی نەریتی ئەوەیە کە ڕێگە بە کۆتاییپێهێنەری ئاوەڵکارەکان دەدات، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی سادە هەر ڕودانی ڕوداوێکی تاکی ڕوداوەکە دەگۆڕێت، لە جیاتی هەموو ڕوداوەکە"، لە واقیعدا ناوەرۆکی(واتای) ئەسپێکتی نەریتی habitual aspect دەکەوێتە سەر کۆی ژمارەی ڕوداوە نادیاریکراوەکان، لە جیاتی ئەوەی بکەوێتە سەرماوەدوری هەر ڕوداوێکی نادیاریکراو" دیارە ئەوەش بەسە بۆ مسۆگەرکردنی بنچینەی کۆتاییپێهێنەریەکەی. نمونەیەك لە زمانی ئیتالیەوە کە لە (١٩٦ :٢٠٠) Bertinetto et al ەوە وەرگیراوە

(١) - ئەتێلیك، نەریتی

Ogni sabato sera, Mar ballava fino a mezzanotte
Every Satarday evening Mari Dancd:IMP until midnight

هەموو ئێوارانی شەممەیەك تا نیوەشەو ماری دانسدەکات: (ئیمپێرفێکتیگڤ) بە تێلیکراو، نەریت.

Ogni sabato sera, Mar puliva il giardino fino a mezzanotte
Every satarday evening, Mary used to clean the gardin until midnight.

هەموو ئێوارانی شەممەیەك تا نیوە شەو ماری باخچەكەی پاكدەكردەوە.

لە هەر یەك لەو زمانانە بە ڕونی ئەوە بەدیدەكەیت كە ژمارەی ڕوداوەكان كە هەموو ڕوداوەكە دیاریدەكەن نادیاریكراون، ئەوەش لەوەدا دەردەكەوێت كە لە هەر یەك لەو زمانانەدا ڕوننیە چەند جار "شەممە" بۆ هەر یەك لە "دانس" و "پاككردنەوە" هاوبەشی دەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا كە وەسفی كۆتاییپێهێنەری ڕوداوە تاكەكانە. "كەواتە دەكرێت بگوترێت بارودۆخی نەریتی لە ڕوداوە درێژ بووەوە ناكۆتاییپێهێنەر پێكدێت لە زنجیرەیەك لە ڕوداوەی-درێژووبووەوە-كۆتاییپێهێنەر. ئاوەڵكاری "تا tx" لە (٢) دا ئاماژە بۆ ئاراستەی بەرەوپێشەوەچونی ڕوداوە تاكەكان دەكات، كە بەو شێوەیە بەتەواوی گونجاوە لەگەڵ تایبەتمەندی ئەسپێكتی و ئەو سەرنجانە دەشێت ئاوەڵكارەكانی تریش بگرێتەوە، لەو حاڵەتەدا ڕستەی سەرەنجام ناڕێزمانییە" (Bertinetto et al ٢٠٠٠:١٩٥)، سەبارەت بە كارە دەستكەوتەكان، ئەوە بەشێوەیەكی دیار لەگەڵ سروشتی بنچینەیی كۆتاییپێهێنی ئەو ئاوەڵكارانە چەسپاوە لە ئیتالیدا.

**٣.١.٢ لە tx بۆ ty = لە كاتی x ەوە بە كاتی y**

لێرەشدا كوردی هاوبەشی ئیتالی دەكات و بە شێوەیەكی كرۆكی وەك پێشتر ڕەفتاردەكات، لە كاتێكدا ئینگلیزی زیاتر نەرمە، پێشبینی هەندێ ڕستەی نا-كۆتاییپێهێن دەكات.

(أ) ماری لە ١٠ی بەیانیەوە تا نیوەشەو دانسی دەكرد

(ب) "دوێنێ، لە كاتی نوێژی نیوەڕۆدا، واتە لە ١٢ بۆ ١ من و نازەنین كتێبمان دەخوێندەوە"، لە ڕاستیدا، ئێمە لە سەر كتێب خوێندنەوە بەردەوام بووین تەنانەت دواتریش.

ئەو ئاوڵكارە زیاتر لەگەڵ كارە ئەتێلیكیەكاندا دەگونجێت، هەرچەند بارودۆخێك لەنێوان دوو كاتی دیاری كراودا بەردەوام بێت، ڕاستەوخۆ ئاماژەیەك ناكات سەبارەت بەوەی ئایا مەبەست بەدەستهاتووە یان نا، لە (ا)دا "دانسكردن" لە بنیاتی سروشتی خۆیدا چالاكی و ئەتێلیكە بۆیە بەتەواوی لەگەڵ ئەو جۆرە ئاوەڵكارانەدا دەگەونجێت، لە (ب)دا بەبێ زیادەی زمانیتر، یان نەبونی، چەندی كردەوەی خوێندنەوەكە درێژەبكێشێت، واتای گەیشتبێتە خاڵی كۆتایی نادات، ئەوە پێچەوانەی زیادەیەكی وەك "دوو كتێب" دەوەستێتەوە، لە نمونەیەكی وەك "(لە كاتی y ەوە بۆ كاتی x) نازەنین دوو كتێبی خوێندەوە". لە ڕاستیدا پەیوەندیەكی ناڕاستەوخۆ لە نێوان ئاوەڵكار و كاردا هەیە، لەبەر كۆتایی نەهاتنی كلۆزی كاتی، كە كارتێكردنی فیچەری بەبەركاریكردن كەمدەكاتەوە. ئەو ئاوەڵكارە ئەتێلیكە دیارە ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی باری سەرنجی كردەوەكەوە و كەمتر واتای كۆتایی بارودۆخەكە دەگەیەنێت.

٢.١.٣ ئاوەڵكارەكانی لە كاتی x ەوە.

ئەو ئاوەڵكارانە لە كوردیدا لەگەڵ هەردوو كارەكانی تێلیك و ئەتێلیكیشدا ڕوودەدەن، بەو مەرجەی وەك كۆتاییپێنەهێن بەكاربهێنرێن.

(أ) ئەتێلیك، كۆتایی پێهێن: نازدار لە نیوەڕۆوە مەلەدەكات. (ڕابردووی سادە)

(ب) ئەتێلیك كۆتایی پێنەهێن نازدار لە نیوەڕۆوە دانسی دەكردە. (ڕابردوی پرۆگرێسف)

(پ) تێلیك، كۆتاییپێهێن: نازدار لە نیوەڕۆوە دیوارەكەی بۆیەكرد (ڕابردوی پرۆگرێسف) كەی؟

(ج) بە تێلیككراو، كۆتاییپێنەهێن: ماری لە نیوەڕۆوە دیوارەكە بۆیە دەكات.

کوردی لە گەڵ زمانی ئینگلیزی و ڕۆمانیەکاندا جیاوازە، ئەوەش لەوەدایە کە لە بری ڕابردووی سادە لە (ا) و (ج) زیاتر لەگەڵ ڕانەبردوو لە ڕابردوودا گونجاوترە. لە (ا) دا مەلەکردن چالاکیە و لە کاتێکی دیاریکراودا بێئەوەی خاڵی کۆتایی دیاریبکرێت وەستاوە، لە (ب)دا "خوێندنەوەی ئەوە هەڵدەگرێت کە دەبێت دوای کاتی دیاریکراویشەوە بەردەوام بێت، ئەوە تایبەتمەندی ئەسپێکتی پرۆگرێسفە کە ئاماژە ناکات بۆ خاڵی کۆتایی دیاریکراو، لە (پ)دا ئاماژەیەکی لاواز بۆ خاڵی کۆتایی بارودۆخی بۆیەکردن دەبینرێت، لە (ج)دا خوێندنەوەی تێلیکی بە خاڵی کۆتایی دیارینەکراوەوە وەردەگرێت، خاڵی کۆتایی لە ئینگلیزیدا لە گەڵ (ب) و (پ)دا زیاتر گونجاووە لەگەڵ ڕابردووی پێرفێکی پرۆگرێسف، بۆ نمونە، "Mary had been dancing/painting the wall since noon"،

### ٣.٢ جۆری ئاوەڵناوەکانی II

#### ٣.٢.١ لە کاتی X دا

ئەو ئاوەڵکارانە مەیلیان بەلای کارە تێلیکەکاندایە، بۆ نمونە، لە سەعاتێکدا، لە سێ مانگدا، لە دوو ساڵدا، هەر یەك لەوانە داوای کاری تێلیکی دەکەن، و تەنها پەیوەندی لەگەڵ ئەسپێکتی کۆتاییپێهێن دەکات. بۆ نمونە،

(أ) ئەتێلیك، گوتاییپێهێن: ؟؟ ئازاد لە دوو سەعاتدا دانسی کرد.

(ب) ئەتێلین، کۆتاییپێنەهێن: ؟؟ ئازاد لە دوو سەهاتدا دانسی دەکرد

(ت) تێلیك، کۆتایی پێهێن: نازدار لە دوو سەعاتدا دیوارەکەی بۆیەکرد.

(پ) تێلیك، کۆتاییپێهێن: نازدار لە دوو سەعادا دیوارەکەی بۆیەدەکرد.

#### ٣.٢.٢ بۆ ماوەی X کات.

ئەو ئاوەڵکارانە زیاتر لەگەڵ ئەو کارو دەقانەدا دێن کە خۆێندنەوەی ئەتێلیك وەردەگرن، بۆ نمونە،

(أ) ئەتێلیك، کۆتاییپێهێن: ئازاد بۆ ماوەی دوو سەعات دانسیکرد.

(ب) ئەتێلیکی، کۆتاییپێنەهێن: ٪ نازدار بۆ ماوەی دوو سەعات دانسیدەکرد.

(ت) تێلیکراو، کۆتایی پێهێن: ئازاد بۆ ماوەی دوو سەعات دیوارەکەی بۆیەکرد.

(پ) تێلیککراو، کۆتاییپێنەهێن: ٪ نازدار بۆ ماوەی دوو سەعات دیوارکەی بۆیەدەکرد.

لە باری سەرنجی کردەوەیەتی ئەوانە بێشك ئاوەڵکاری تێلیکین، ئەگەر سەرنج لە "ت" بدەیت، دەبینی ئەوە ناگەیەنێت کە ڕوداوەکە تا کۆتیی جێبەجێکراوە، ئەو بارودۆخانەی کە پەیوەندیان بە بەهای ئەسپێکتیەوە هەیە ئەوە تا ڕادەیەك لە کوردی و ئینگلیزیدا ئالۆزن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە ئاوەڵکارانە حەزیان زیاتر لە دەقی کۆتاییپێهێن هەیە، دەبینی ڕستەکانی "ا" و "ب" بڕیاری پێچەوانە بەهۆی قسەکەرەوە وەردەگرن. ئەوە وەك دەردەکەوێت نەگونجاوە، بە لانی کەمەوە لە لاپەردا، بە لای هەندێك لە قوتابخانەوە، بۆ نمونە، (Mittwoch ١٩٨٨, Hstav ١٩٨٩)، لە کاتێکدا بەلای هەندێکیترەوە گونجاوە، بۆ نمونە، (Vlach ١٩٨١)، بەراوردی ئەو ڕستەیە بکە.

(خ) کاتێك هاتمە ژورەوە، ماری دانسیدەکر، دیوارەکەی بۆیەدەکرد.

جیاوازی لە نیوان ئەو ڕستەیە بە بەراورد لەگەڵ "ا" و "ت"دا بریتییە لە ڕستەی "خ" لەو شوێنەی کلۆزی کاتی هەڵسەنگاندی کات دەکات، پێشنیاری بارودۆخێکی نادیارکراوەکات، تا ئەو ڕادەیەی بەردەوامێتی روداوەکە

لەپاڵ ماوەی پەیوەندیدار جێگەی جەخت لەسەرکردنەوەیە. لە ڕاستیدا، بۆ هەموو ئەو شتانەی دەیزانین، ڕوداوەکە دەشێت لە پاڵ ئەو ماوە کورتەدا تێپەڕن یان دەشێت دواتر بووەستن، ڕستەکانی "ت" و "پ" لە لایەکی ترەوە، پێشنیاری ئەوە دەکەن کە (بەشی پەیوەندیداری) ڕوداوەکە بە تەواوی سنورداردەکرێت لە ناو یان مەودای کاتی ویستراودا. بەو جۆرە، ڕستەکانی "ت" و "پ" پەیوەندیان بە ئەتێلیکەوە هەیە، و بارودۆخی تێلیکین بە تێڕوانینی کۆتاییپێهێنەرەوە.

### ٣.٣ ئاوەڵکارەکانی جۆری III

### ٣.٣.١ بەر لەوە already

حاڵەتی هەمان شێوە، ئەوەی تۆ دەتەوێت پێشتر کراوە، وتراوە یان ئاماژەی بۆ کراوە و ... لەیەن ئاوەڵکاری "پێشتر /بەر لەوە" ەوە پێشکەشدەکرێت، ئەوە سەر بە جۆرێکیتر لە ئاوەلکارەکانی کاتییە، ئەو یەکگرتنە لە گەڵ هەموو کردەوە چاوەڕوانکراوەکان و جۆرەکانی ئەسپێکتی، بەڵام دووبارە بە واتای جیاوازەوە. ڕودەدات. ئەو ئاوەڵکارە لە بنیاتی سیمانتیکی خۆیدا بەشێك لە واتای تێلیکی هەڵگرتووە، بە چاوپێشین لە جۆری ئەو کارەی لەگەڵیدا ڕوودەدات.

(ا) /=ئەتێلیك، کۆتاییپێهێن/ نازدار پێشتر/لەوەوبەر چۆپی هەڵپەڕی. بۆ نمونە، هەندێك کاتیتر لە ڕابردوودا

(ب) /= ئەتێلیك، کۆتاییپێنەهێن/ نازدار پێشتر چۆپی هەڵدەپەڕی، (کە چووم). دەشێ تا کاتی قسەکردن و دواتریش..

(ت) /تێلیك، کۆتاییپێهێن/ ماری پێشتر/لەوەوبەر ئەو دیوارەی بۆیەکرد. هەندێك کاتیتر لە ڕابردوودا.

(پ) /= بە تێلیککراو، کۆتایی پێهێن نازدار پێشتر بۆیەی ئەو دیوارەی دەکرد، کە چووم بەڵام نازانم تەواویکردووە یان نا

"ا" ئەوە دەگەیەنێت کە پێشتر بکەر چۆپی هەڵپەڕیوە، بەڵام زانیاریەك نادات سەبارەت بە دواتر، دەشێ ئێستا جۆرێکی تر هەڵپەڕێت، گرنگ ئەوەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە ستایلی چۆپی هەڵپەڕین کۆتایی پێهاتووە، لە "ب" دا ئەوە دەخوێنینەوە کە دەشێ ئەو چالاکیە جۆرێك لە بەردەوامێتی تا دواتریش بەخۆوەبگرێت، لە "ت"دا وا هەستدەکەین کە کردەوەی بۆیەکردن لەپێش کاتی قسەکردن گەیوەتە خاڵی کۆتایی، و (پ) جۆرێك لە ئاڵۆزی سەبارەت بە خاڵی کۆتایی هەستیپێدەکرێت، بەتێلیککردنی بەشی کاری کە لە "پ"دا ڕودەدات، پشت بە هاوبەشی ڕاستەوخۆی کارەکە نابەستێت، بەڵکو زیاتر لە بەرهەمهێنانی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤدا، چونکە ئاوەڵکارەکە لە خودیخۆیدا نەگونجاونیە لەگەڵ کارە تێلیکیەکان، بۆ نمونە، "ت" لەگەڵ ئەوەشدا کە "لە پێشتر"، دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە بەیەکگەیاندنی لەگەڵ هەردوو بەهای ئەسپێکتیەکان، واتە، ئەو واتایەی لە ڕستە کۆتاییپێهێنەکان وەریدەگرن. لە ڕستەکەی خوارەوەدا تێنسی کۆتاییپێهێن وەك ناگونجاودەبینرێت.

(١٨) ؟؟ بە درێژایی وانەی ماتماتیك، نازدار پێشتر لەگەڵ قادر یاری کارتی دەکرد.

### ٣.٣.٢ هێشتا

ئەو ئاوەڵکارە لە بنیاتی سیمانتیکی خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە بارودۆخی ئاماژەبۆکراو بەردەوامە و زانیاریمان ناداتێ سەبارەت بەوەی دەگاتە خاڵی کۆتایی یان نا، بەکارهێنانی ئاوەڵکاری هێشتا، زۆر سنورداره، ئەوە

ناتوانێت لەگەڵ تێنسەکانی کۆتاییپێهێندا یەکبگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە جیاوازنییە بۆ بەهای کردەوەکە.
سەرنج لەو نمونانە بدە:

(ا) /= ؟ ئەتێلیك، کۆتاییپێهێن/ نازدار هێشتا هەر چۆپی هەڵپەڕی، لەپێش دەرچوونی بۆ ... (بە واتای دوبارە)

(ب) /= ئەتێلیك، ناکۆتاییپێهێن: نازدار هێشتا دانسی دەکرد، کە هاتم. دەشێ دواتریش هەر بەردەوام بێت

(ت) /=؟ تێلیك، کۆتاییپێهێن/ ماری هێشتا ئەو دیوارەی بۆیەکرد، لەپێش ڕۆشتنەکەی

(پ) بە تێلیککراو، ناکۆتاییپێهێن: نازدا هێشتا هەر ئەو دیواری بۆیەدەکرد کە هاتم. دەشێ دواتریش بەردەوام بێت

وەك گوترا بنیاتی سیمانتیکی ئاوەڵکاری "هێشتا...(تا ئەم کاتەش)" لە گەڵ ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤدا گونجاوە بە خوێندنەوەی ئەتێلیکی، زیاتر لە ئەسپێکتی پێرفێکتیڤێتی، هەرلەبەر ئەوەیە کە (ا) و (ت) وەك باش-بینانەکراو دێنە بەرچاو لەکاتێکدا (ب) و (ت) نا، تەنانەت لە (پ)دا لەگەڵ ئەوەشدا کە "بۆیەکرن" تێپەڕە و بەزەرورەت بەرکار داوادەکات، بەڵام هێشتا بڕیاری بەتێلیکبوون بۆ بارودۆخی باسکراو بەکراوەیی بەجێدەهێڵێت.

### ٣.٤ جۆری ئاوەڵکارەکانی IV

ژمارەیەك لە جۆری ئاوەڵکاریتر هەن کە کاریگەریان ناگاتە ئەو ئاوەڵکارانەی تا ئەم کاتە باسیان لێوەکراوە، ئەوانەش بە شێوەیەکی گشتی خۆیان لەو ئاوەڵکارانەی خوارەوەدا دەبیننەوە، بۆ نمونە، "بەرە بەرە"، "وردە وردە"، و "کەم کەم"، ئەم ئاوەڵکارانە لە گەڵ هەردوو تێلیك و ئەتێلیکدا دەتوانن ڕوبدەن، دیارە ئەوە پشت بەدەقی دیاریکراو، نیەتی قسەکەر و خوێندنەوەی پڕاگماتیکی دەبەستێت، جگەلەوە جۆری ئەسپێکت، بۆ نمونە، دەبێت هەر یەك لە "چالاکی، بەجێهێنان، دەستکەوت یان ستەیتیڤ، پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤ" یش لەبەرچاوبگیرێن، ئەوانە لەگەڵ بارودۆخە کورتخایەنەکاندا ناگونجێن، سەرنج لەو ڕستانەی لای خوارەوە بدە:

(أ) ئازاد بەرە بەرە پەنجەرەکی بۆیە کرد "جێبەجێکردن، تێپەڕ، پێرفێکتیڤ" تێلیك و گونجاوە

(ب) "ئازاد بەرە بەرە دەپژمی. "کاری کورت خایەن،"ئەتێلیك و نەگونجاوە

(ت) ئازاد بەرەبەرە پەرەنجەرەکە بۆیەدەکات "ئیمپێرفێکتیڤ[5]، بەجێهێنان " گونجا و تێلیکە

(پ) ؟ئازاد بەرە بەرە هەواڵەکەی زانی. "ستەیتیڤ، ئەتێلیك و نەگونجاو.

### ٣.٥ سەرنجەکان لەسەر تاقیکردنەوەکانی سەرەوە:

٣.٥.١ فرێزی "لە سەعاتێکدا" و فرێزیتری لە وێنەی ئەو، ناڕوونن، ئەوە دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، بۆ نمونە، یان ئەوەتا "لە ماوەی سەعاتێکد"، بۆ نمونە، "لە سەعاتێکدا"، یان "سەعاتێك لە ئێستاوە"، تەنها واتای یەکەم گونجاوە. "دوای سەعاتێکدا دێت". بەڵام هیچ شتێك سەبارەت بە تێلیکێتی فرێزی ناڵێت.

[5] پێرفێکتیڤ هەمیشە واتای پێرفێکتیڤی هەیە بەڵام ئیمپێرفێکتیڤ دەبێ یان نا واتای ئیمپێفێکتیڤی هەبێت (Comrie ١٩٧٦:١١٣)، واتای ئیمپێرفێکتیڤ دەبێت لێرەدا وا بێتە زانیین وەك ئەوەی نەریتی و بەردەوامی و هەروەها بێت، بە پێی ئەم تێڕوانینە، بەکارهێنانی ئیمپێرفێکتیڤ دەبێت حاڵەتێکی بێلایەنی ئۆپۆزیشنی ئەسپێکتی بێت ".

٣.٥.٢ به واتايەکی ورد، سەبارەت بـە X دەبـینی دەق هەیـە کـە تیایـدا "بـاپیر لـە سـەعاتێکدا نامـان دەنوسـێت" گونجاوە، سەرنج لە ڕستەیەکی وەك "سێ مانگی برد تا خانوویەك دروست بکات" بـدە، لـە کاتێکـدا "بـاپیر لـە مانگێکـدا خـانووی دروسـتکردن" نـەگونجاوە، بیربکـەرەوە ئـەوەی دەیگەیـەنێت ئەوەیـە کـە لـە "بـاپیر خـانوان دروسـت دەکـات" هـەر خانوویـەك لـە مانگێکـدا دروسـت دەکـات، و بـەو واتایـە، "دورسـتکردنی خـانوان" لـە هەقیقەتدا تێلیکە، و دەتوانرێت ئەوە موناقەشە بکرێت کە فرێزی-کاری"دروستکردنی خانوان" لـە هەقیقـەتـدا تێلیکە لە ئاستێکدا و ئەتێلیکە لە ئاستێکی تردا، تێلیکێتی لەسەر کارێك بەکاردەهێنرێت بـەبێ بـەرکاری کۆ، و ئەتێلیکێتی بۆ کار و بەرکار پێکەوە بەکاردەهێنرێت.


Bach, Cark (1985). Verbal Aspect. A General Theory and its Application to Present-Day English. Odense: Odense University Press.

Bach, Carl. (1995). The Study of Aspect, Tense and Action: Towards Theory of the . Semantics of Grammatical Categories. Frankfurt am Main: Lang

Binnick, Robert. 1991. *Time and the Verb: A Guide to Tense and Aspect. . .* . N9ew York: Oxford University Press.

Brinton, L J. (1987). The Aspectual Nature of States and Habits. In Folia . . Linguistics 21. 195-214

Bybee, Joan L. and Osten Dahil. (1989).The Creation of Tense and Aspect System in the Langusage of the world" Studies in Languages 13: 51:103

Bybee, Joan L. and Osten Dahil. (1989).The Creation of Tense and Aspect System in the Langusage of the world" Studies in Languages 13: 51:103

Chung S. & Timberlake, A. (1985). Tense, Aspect, and mood. In T. Schopen (ED.) Language Typology and Syntactic Discription, vol. III Cambridge

Comrie, B. (1976). Aspect, Cambridge, Cambridge University Press. Comrie, B. (1981). Language Universal and Linguistiv Typology: Synatax and morphology> Chicago: University og Chgago Press.

Comrie, Bernard (1976). Aspect An Introduction to the Study of Verbal Aspect and Related Problem. Cambridge. Combridge Univesity Press.

Crystal D. (1992) A Dictionary of Linguistics and Phonetics. 4th ed. Blackwell 1977. Dahil Osten (1985). Tense and Aspect System. Oxford Blackwell.

Dahil. Osten (2000). Tense and Aspect in the Languages of Europe. Edited by Dahil. Mouton de Gruyter.

Dowty, D. R. (1979). Word Meaning and Montague Grammar. Dordrecht:

David Crystal. (1992). A dictionary of Linguistics and Phonetics, 4th ed. Blackwell

Debopam, Das (2010). The Use and Distribution of Non-progressive Verbs in Progressive Forms: A Corpos-based Study-26-th Northwest . Conference, Vancouver, May

Declerck R. (2006). The Grammar of The English Tense System. A Complrehensive Analysis

Dowty, David R. (1979). Word Meaning and Montague GrammarL The . . . Semantics of Verbs and Time in Generatives Semantics and in Montague's PTQ. Dordrecht: Reidel.

Farahani, Ali Akbar Khomeijani. (1990). A Syntactic And Semantic Study of The Tense And Aspect System of Modern Persian. The University of Leeds.

Fillmore, Charles. (1971). Lectures on Deixis. Indiana University Linguistic Club, University of Indiana

Gray, H. B. (1957). Verbal aspect in France. Language 33: 910110

Huddleston, Rodney D. 2002. 'The Verb.' In: Huddleston, R. & G. Pullum (eds.), *The Cambridge Grammar of the English Language*. Cambridge: Cambridge University Press. 71-212.
Mourelatos, A. P. D. (1981). Events, Processes, and States. In Tedeschi and Zaenen. Eds. (1981).
Mouton de Gruyter (2006) English full-time in Montreal 8 Levels (10 weeks per level).
Kakietek, P. (1979). The syntactic and semantics of English Stative Verrbs. Warszawa: Energia.
Leech, Geoffrey N. 1971. *Meaning and the English Verb*. London: Longman.
Pier Marco Bertinetto and Denis Delfitto (200). Aspect and Actionalityten
Quirk, R. Greenbaum, S. Leech, G & Svartvik, J. (1972). A Grammer of Contemporary English :ondon: Longman.
Quirk, R. Greenbaum, S. Leech, G & Svartvik, J. (1972). A Grammer of Contemporary English :ondon: Longman.
Quirk, R. et. al (1985). A Comprehensive Grammar of The English Language. London: Longman.
Pier Marco Bertinetto and Denis Delfitto (200). Aspect and Actionalityten se . University . of Gothenbury
Renaat Declerck in cooperation with Susan Reed and Bert Cappelle, (2006). . the . . . . . Grammar of the English Tense system, A comprehensive Analysis. Rothsyein, S. (2004). Structuring Events. Oxford: Blackwell Publishing.
Rochelle Lieber,(2004) Morphology and Lexical Semantics. Cambridge University Press,
Rothsyein, S. (2004). Structuring Events. Oxford: Blackwell Publishing.
Smith, C. (1991). The Parameter of Aspect Dordrecht: Kluwer
Smith C. S. (1983). A Theory of Aspectual Choice. Language 59. 479-501. Trautwein, Martin. (2005). The Time Window of Language: ZThe Interaction between Linguistic . and non-Linguistic Knowledge in the Temporal Interaction of German and English Texts. Berlin: De Gruyter.
Vendler. Z. (1976). Verbs and times. In Z Vendler (ED), Linguistics in philosophy. Ithaca. Cambridge: Cambridge University Press
Verkuyl, Henk J. 1993. *A Theory of Aspectuality: The Interaction between . Temporal and Atemporal Structure*. Cambridge: Cambridge University Press.
Yasuko, T. (2005). Achievement verbs and the progressive meaning. Jornal of Osaka sangyo University Mumanities 117, 41-45

## ٤.٠ پوختەی باسەکە

### ٤.١ پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی

تێلیکێتی تایبەتمەندێتی کار و فرێزی کاریە، کە دەتوانرێت وەك کردەوە و ڕوداو و پێشکەشبکرێت، لە ڕستەی تێلیکێتیدا بارودۆخی باسکراو وەك تەواوبوو و بە مەبەست گەیشتوو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بە پێچەوانەوە، کار یان فرێزی کاری کە کردەوە یان ڕوداوێك پێشکەش دەکات وەك تەواونەبوو یان بە مەبەست نەگەیشتوو دەناسرێت، و وەك "ئەتێلیك" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لێروە دوو کاتەگۆری بە ڕفتار و تایبەتمەندی جیاوازەوە وەك وەچە-بەش لە کێڵگەی ئەسپێکدا جیادەکرێنەوە، یەکەمیان، پێیدەگوترێت "تێلیك" و ئەوەی دووایی پێیدەگوترێت "ئەتێلیك"، لە زماندا دەکرێت بەهۆی یەکێك لەو لایەنانەی لای خوارەوە تێلیك و ئەتێلیك لێکجیابکرێنەوە، (ا) بەشێکیان پەیوەندی بە سینتاکتیکی فۆڕمی تێنسی دیاریکراوەوە هەیە، (ب) نیشانە ڕێزمانیەکان کە بە نیشانەی پێرفێکتیڤێتی و ئیمپێرفێکتیڤێتی دەناسرێن،

(ج) پێکهێنەرەکانی تری ڕستە و دەربڕینەکان، بۆ نمونە، بکەر و بەرکاری تاك و کۆ، و (د) بەشی ناکاری لە فۆڕمی تێنسی کارە ناسادەکاندا و هەروەها.

کارەکان لە کوردیدا بەسەر دوو گروپدا دابەشدەبن، یەکەم، کارە دینامیك و دووەم کارە ستەیتیڤەکان، کارە ستەیتیڤیەکان هەمیشە خوێندنەوەی ئەتێلیك وەردەگرن، لە کاتێکدا کارە دینامیکیەکان دەکرێت تێلیك یان ئەتێلیکبن، لە هەر زمانێکدا، ئاوەڵکارە کاتیەکان باشترین ئامرازن سەبارەت بە تاقیکردنەوەی ئەوەی ئایا بارودۆخی باسکراو تێلیکە یان ئەتێلیك، بۆ نمونە، کارە چالاکیەکان لەگەڵ فرێزی ئاوەڵکاری کاتی "بۆ ماوی کاتی x"دا دەگونجێن چونکە ئەوانە باس لە باروخێك دەکەن کە لە ماوەیەکی کاتی دورودرێژدا ڕوودەدەن، سەرەنجام ئەوانە وەك کاری ئەتێلیکی مامەڵە دەکرێن، لە کاتێکدا کارە دەستکەوت و بەجێهێنانەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردووکیان تێلیکن، واتە باسی بارودۆخی تێلیکی دەکەن، هەرکام لەوانە لەگەڵ جۆرێکی تایبەت لە ئاوەڵکاری کاتیدا دەگونجێن، بۆ نمونە، کارە دەستکەوتەکان لەگەڵ ئەو ئاوەڵکارە کاتیانەدا دەگونجێن کە کورت خایەنن، بۆ نمونە، "لە کاتی x دا"، کارە بەجێهێنانەکان لەگەڵ ئەو ئاوەڵکارانەدا دەگونجێن کە درێژ خایەنن و وەك ئاوەڵکاری چوارچێوەیی دەناسرێن، بۆ نمونە، "لە ماوەی کاتی x دا".

تێلیکێتی دەتوانرێت لە ئەسپێکتی فەرهەنگی، واتە زاراوەیی و تەنانەت بەهۆی نیشانەکانی "پێرفێکتیڤێتی" و "ئیمپێرفێکتیڤێتی" یشەوە لەبەرچاو بگیرێن، لێرەدا دەبێت ئەوەش بگوترێت کە تێلیکێتی بە تەنها تایبەتمەندی کار و فرێزی کاری دەربڕینەکە نییە، بەڵکو دەکرێت ئەوە بگوترێت کە بەشێوەیەکی کەرتی تایبەتمەندی کار و فرێزی کاریەکانە. لە هەمانکاتدا، پێکهێنەری تریش لەو بوارەوە هاوکارن، بۆ نمونە، بکەر و بەرکاری تاك و کۆ هاریکارن لە پێدانی خوێندنەوی تێلیکێتی یان ئەتێلیکێتی بە بارودۆخی باسکراوەوە، کوردی وەك یەکێك لە کارە فرەگرەکان بەشی نا-کاری لە کارە نا-سادەکاندا ڕۆڵی تایبتیان هەیە، و هاوبەشی لەوەدا دەکەن کە دەبێت فۆڕمی کاری دیاریکراو و وەسفی بارودۆخی تێلیکی یان ئەتێلیکی بکات، بەواتایەکیتر بارودۆخی باسکراو پەیوەست بە بەشی نا-کاری لە فۆڕمی تێنسی نا-سادەدا دیاریدەکرێت، بۆ نمونە، "دروستکردن" جیایە لە "یاریکردن" کە یەکەم دەشێت وەسفی بارودۆخی تێلیکی و دووەم ئەتێلیکی بکات. کەواتە بەشی ناکاری "کردن" دەتوانێت چەندان بەشی ناکاری جیاواز وەربگرێت کە سەرەنجام خوێندنەوەی جیاواز بەخۆوەدەگرن، بۆ نمونە، "ونکردن" دەستکەوتە لە کاتێکدا "باوەڕکردن" ستەیتیڤ و هەروەها.

## ٤.٢ پوختەی باسەکە بە عەرەبی

(المحدودية telic ) خاصية للفعل و العبارة الفعلية، حيث يتعامل مع ما عبرت عنة الجملة المحدودة كانة شيء انتهى امره، و بلغ مداه و غايته، وعلي نقيض ذلك بالمقابل ما يقدمة الفعل و العبارة الفعلية من حدث او فعل كانة شيء غير منته، وغير بالغ غايته و مداه، فيعامل هذا النوع بانة شيء (لامحدود atelic). و من هنا يصنف ذلك الى صنفين يسمى الاول (المحدودية) والاخر يسمى (اللامحدودية)، ويمكن التميز بينهما من حيث:

(أ) تعلق قسم منهما بالصيغة الصرفية الزمنية المحدودية.

(ب) تعرف العلامات النحوية بعلامتي فعل المضي المنتهي، و فعل الاستقبال غير المنتهي.

(ت) المكونات الاخرى للجملة و التعبيرات، مثل: الفاعل، و المفعول مفردا و جمعا.

(ث) و قسم اللافعلية في الصيغة الزمنية للافعال غير البسيطة كذلك.

و الافعال في اللغة الكردية نوعان: الافعال الديناميكية غير الثابتة، والافعال غير الديناميكية المستقرة الثابتة. و هذه دوما تكتسب (اللامحدودية)، في حين يمكن ان تكون الافعال الديناميكية غير الثابتة افعالا من (المحدودية)المنتهية الى غاياتها، او من (اللامحدودية) غير المنتهية.

و تعد الظروف الزمنية في كل لغة من احسن المعاير لقياس (المحدودية)و (اللامحدودية) للحالة الموصوفة. و يمكم ان توءخذ (المحدودية) الفعلية في الجانب المعجمي المصطلحي بنظر الاعتبار عن طريق مضي الفعل واستقباليته. ف(المحدودية) ليست من خصوصيات الفعل و العبارة الفعلية في التعبير، فمن الجائز ان يقال بصورة جزئية انها خاصية الفعل و العبارة الفعلية. وفي الوقت نفسه ثمة مكونات اخري مساهمة في ذلك المجال، فمثلا الفاعل و المفعول مفردا و جمعا يتعاونان في منح (المحدودية) و (اللامحدودية)للحالة الموصوفة. ففي اللغة الكردية ثمة دور للافعال المركبة غي البسطة في احد الافعال المستوعبة، و هي تشارك في صيغة الفعل المحدد بوصف حالة (المحدودية) و (اللامحدودية) للفعل و العبارة الفعلية التي تصف الحالة/ فمثلا: (دروستكرد) تختلف عن (ياريكردن)و التي يمكن ان تصف الاولى حالة (المحدودية)، و تصف الثانية حالة (اللامحدودية). اي يمكن ان تاتي اللاحقة (كردن) بعد ملحقات مختلفة اخرى، والتي تتضمن قراءات مختلفة اخري. فمثلا: (ونكردن) نتيجة و مكسب، في حين (باوڕكردن) ثبوت و استقرار، و هكذا.

### ٤.٣ پوختەی باسەکە بە ئینگلیزی

Telicity is the property of a verb or verb phrase that can be presented as an action or an event. It is being completed, in contrary, a verb or verb phrase that presents an action or event as being incompleted is said thought to be atelic. The distinction between these two categories are often relevant syntactically - verbs in Kurdish can be devided in to two classes concerning their compatibily with time adverbials - for example, states, and activities are often compatible with the prepositional 'for-phrase' since they are describing a time duration, consquently, they are atelic. In contrast, while usually achievements are not, acomplishents are telic, so they are compatible with a prepositional in-phrase, within acertain time duration. Achievements are also telic, but they can be recognized with accomplishments in that they are compatible with prepositional "at-phrase'.

Telicity can be considered in its lexical aspect. Here it is not a property of a verb in separation, but partially a property of of a whole verb or verbs. Kurdish as one of the agglutinate linguages has a non-verbal element of a verb (in non-simple forms). This is the case whether the verb form described is within a telic or atelic situation. For example, "kird = do" which take various different non-verbal elements, is actually "yãri-kirdin-to play' and so is an activity and atelic. In contrast, in ''win-kirdin-to loss' it is an achievement so is described as atelic situation. And "drwst-kirdn-to make", describes a completed situation so it is telic. While, statement like ' bãwar-irdin to truth' describes atelic situation.